# چەند لایەنێکی واتاسازی

# چەند لایەنێکی واتاسازی

نووسینی

**کوروش سەفەوی**

وەرگێڕانی

**دلێر سادق کانەبی**

**٢٠٠٦**

چوار وتاری هەڵبژێردراو لە کتێبی
گفتارهایی در زبانشناسی

**ناوی کتێب: چەند لایەنێکی واتاسازی**

- **نووسینی: کوروش سەفەوی**
- **وەرگێڕانی: دلێر سادق کانەبی**
- **نەخشەسازی ناوەوە: طـــە حسین**
- **بەرگ: هۆگر صدیق**
- **سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات**
- **تیراژ: (١٠٠٠) دانە**
- **ژمارەی سپاردن: (٤٠٣)**
- **چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦**
- **نرخ: (١٠٠٠) دینار**
- **چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە**

**زنجیرەی کتێب: -٧٩- (١٨٢)**

**دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی**
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: 2260311

# ناوەڕۆك

ئاوڕدانەوەیەك لە بەرامبەری واتایی ........................ ١
ئاوڕدانەوەیەك لە گرتنەوە(هایپۆنیمی) ...................... ١٦
نیشانە کردن لە واتاسازیدا و کێشەی سیما واتاییەکان .......٢٧
ئاورێکی تازە لە کێشەی فرە واتایی فەرهەنگی ............ ٤١

## پێشکەشە بە:

ـ دەزگای موکریانی، بە تایبەتی مامۆستا موسلح و مامۆستا مراد.

ـ د. رفیق کە هەردەم هانی داوم بۆ ئەوەی کە بخوێنمەوە.

ـ د. عبدالواحد مشیر کە بۆ یەکەم جار لە رێگەی جەنابتانەوە بە واتاسازی ئاشنابووم.

## ئاوڕدانەوەیەك لە بەرامبەری واتایی

کاتێك کە باس لە بەرامبەری (opposition) دەکەین وەکو لایەنیکی واتاسازی بونیادگەری ئەوا دەبێت پێناسەیەك، هەرچەندە ئەگەر کورتیش بیت، بۆ واتا بکەین بەو جۆرەی کە لەلایەن واتاناسان خراونەتە ڕوو.

ئۆڵمان پێی وایە واتا بریتیە لەو پەیوەندیە دوو سەرەی کە لە نێوان وێنەی هۆشەکی و ووشـــــەدا هەیە (ك٩)، بەم پێیە دەتوانین بڵێین واتا پەیوەندییەکە لە نێوان وشە و وێنە هۆشەکیەکەی و بەجۆرێك کە ووشەکەو وێنە هۆشەکیەکەی هەمیشە دەبنە بەدیهێنەری یەکتر، بەم جۆرەش پەیوەندیەکە دەبێتە دوو سەرە. بەڵام پەیوەندی نێوان لێکسیمەکانی زمان و وێنە هۆشەکیەکان هەمیشە وەکو یەك نین و لە هەموو زمانەکاندا پەیوەندیەکی ئالۆزتر لەنێوانیاندا هەیە. بۆ نمونە دەتوانین ناوی چەند وشەیەك بنێین کە واتاکەیان دەکەوێتە بەرامبەر یەکترەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە کە ئەم لایەنە بە وردەکاریی زیاتر بخرێتە ڕوو.

پەیوندی بەرامبەری جیٚنشینی (paradigmatic opposition)، لە سەرەتای، پەیدابوونی واتاسازی بونیادگەریدا لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فێردینان دی سۆسێر، بە تایبەتی خستنەڕووی کێشەی



پەیوەندی بە جێنشینی و هاونشینیەکانەوە (ك٨، ل١٧٠) لێیکۆلراوەتەوە.

زاراوەی بەرامبەری واتایی بە شێوەیەکی سەرەتایی، لەو لێکۆلینەوەی کە لە بارەی واتا بەرامبەرەکاندا کە لە لێکۆڵینەوە دێرینەکاندا پێی ووتراوە دژ واتا، بەکار هاتوون لەم لێکۆلینەوەیەدا بە ئەنقەست زاراوەی بەرامبەری "لە جیاتی"دژواتا" بەکارهاتووە. ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەندین جۆری بەرامبــەری واتایی لـــە فەرهەنگە فارسی و بیانیەکاندا دەستنیشان کراوە. وەکـو ((بالا/ پاین))، ((خرید/ فروش))، ((زیر/ رو))، ((خام/ پختە)) ((چپ/ راست))و...، زاراوەی وشە دژواتاکان (antonyms)ی بۆ داندراوە و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەهای واتایی یەکێك لەم جووتە وشانە، لەگەڵ واتای ئەوی تردا بەرامبەرە و ئەگەر زانستیانەتر قسە بکەین دەتوانین بڵێین ((پەیوەندی دوو بەهایی)) (dichotomic relation) لە نێوانیاندا هەیە .

بەڵام بەرامبەریی واتایی چەندین جۆر لەخۆ دەگرێت کە دەبێت لە یەکتر جیابکرێنەوە و لە ژێر ناونیشانی جیاجیادا پۆلین بکرێن.

سەرەتا دەتوانین فۆرمی ((سرد/ گرم))، ((پیر/ جوان))، ((بزرگ/ کوچك)) بخەینە ڕوو. ئەم جووتە وشانە کە هەموویان ئاوەڵناون دەشیٚ لە ڕووی چۆنیەتیەوە پۆلێن بکرێن. ساپیر وای بۆ دەچیٚ کـــە دەبێت ئەم وشـــانە لەم ڕووەوە کە دەشـــیٚ پۆلین بکرێت یان نا لێیان بکۆڵرێتەوە (ك٧) ئەم دەستە بەرامبەریانە دەشیٚ بەراورد بکرێت. لە بەر ئەوەی کاتێك کە دەلێین ((X گەنجترە

لە y)) یا ((x گەورەترە لە y)) ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمانە لە حاڵەتی بەراوردی پلەپلە دان. ئەم جووتە ووشانەش تەنها لەکاتێکدا درکیان پێ دەکرێت کە لە ڕستەیەکی وەکو ((ئەمە گەنج ترە یا گەورەترە یا گەرمترە لەوە))وە بەکاربهێنرێن. ئەم جووتە ووشانە لە بارودۆخی جیاجیادا و بەگوێرەی بابەت پۆلێن دەکرێن. دەتوانین جووتە ووشەی ((خلوت/شلوغ)) بە نموونە بهێنینەوە ئەگەر ڕستەی ((خیلی شلوغ بود)) لە میواندری بدوێت، ئەوا دەشێ بەو واتایە بێت کە پەنجا یان دووسەد کەس لەم میوانداریەدا بەشدارییان کردووە؛ بەلاّم هەمان ڕستە لە کاتێکدا کە قسە لە بارەی یاریەکی تۆپی پێ بکات، دەشێ ژمارەی بینەران بگاتە سەد هەزار کەسیش. جووتە ووشەی ((پهن/باریك))یش دەچێتە ڕیزی هەمان پۆلینەوە. ئەگەر بەرینی قایشی کاتژمێرێك سێ سانتیمەتر بێت، ئەوا دەڵێین بەرینە، کەچی بۆ ئەوەی کە شەقامێك بەبەرین دابنێین بەلای کەمەوە دەبێت بەرینیەکەی چەند مەترێك بێت.دەتوانین ئەم دەستە بەرامبەریانە ناو بنێین بەرامبەری پلەدار((gradable-oppossition)).

دەتوانین چەند جووتە ووشەیەکی تریش لە کۆمەڵەی یەکەمدا، واتە بەرامبەریی پلە دار بخەینە ڕوو. بۆ نموونە جووتە ووشەی ((خاموش/روشن)) نەفی یەکێکیان نیشانەی ئیسپاتی ئەوەی تریانە. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم لایەنە، چەند ڕستەیەك بە نموونە دێنینەوە. ((چراغ خاموش است)) ئاماژە بەوە دەکات کە ((چراغ روشن نیست)) ((چراغ روشن است)) بەو واتایە دێت کە ((چراغ



خاموش نیست)). ئەمە بۆ بەرامبەری پلە داریش دەشێ، و دەتوانین بەراوردیان بکەین. ((گرم است)) ئاماژە بەوە دەکات کە ((سرد نیست))، بەلاّم ((گرم نیست)) ئەوە ناگەیەنێت کە ((سرد است)) لە ڕستەی ((آب گرم است))دا، ئاو دەتوانێت شلەتێن بێت و ناتوانین بلێین حەتمەن دەبێت ئاوەکە سارد بێت. ((ولرم)) نیشانەی ئەوەیە کە بەرامبەریی نێوان ((سرد/ گرم)) لە جۆری پلەدار دایە و شوێنێکی تایبەتی لە نێو ئەم پۆلین کردنەدا هەیە.

ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە کە هەمیشە یەکێك لە دوو بەرامبەریە پلەدارەکە دەبێتە ((نیشانە کراو)) ((marked)) و ئەوی تریان دەبێتە ((نیشانە نەنکراو)) ((unmarked))، واتە تەنها یەکێکیان بە کاردێت لە حاڵەتی پرسیار و قسەکردندا و واتای ئەوی تریش دەگەیەنێت.بۆ نموونە رستەی ((پهنایش چقدر است؟)) یا((بلندی اش چند متر است؟))، ((پهنایش چهار سانت است)) یا ((بلندی اش دو متر است)) بەکاردێت، بەلاّم ((باریکی اش چقدر است ؟)) یا ((کوتاهی اش چند متر است؟)) بەکارنایەت، تەنانەت ئەگەر شتەکە کە باریك یا کورتیش بێت.

دەتوانین کۆمەڵێکی تری بەرامبەریەکان لە ژێر ناونیشانی ((بەرامبەری تەواوکەرانە)) ((complementary opposition))دا بخەینە ڕوو، وەکو ((مذکر/ مؤنث))، ((متأهل/ مجرد))، ((زندە/ مردە)) و... هتدیش واتای هەریەکە لەم وشانە تەواوکەری واتای ئەوی تریانە. هەروەکو گوتمان لەم دەستە بەرامبەریانەدا، نەفی یەکێکیان ئیسپاتی ئەویتریانە. ئەگەر کەسێك خێزاندار نەبێت ئەوا

حەتمەن دەبێت سەڵت بێت، بەڵاّم ئەمە بۆ بەرامبەری پلەدار دروست نیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر شتێك بەرین نەبێت، هیچ بەڵگەیەك نیە كە باریكی شتەكە بسەلمێنێ، بەڵكو دەشێت نە بەرین و نە باریكیش بێت. بە بۆچونی ساپیر، دەشێ ئەم كۆمەڵە بەرامبەریانە ناو بنێین ((پێچەوانەی وەكیەكی)) ((symmetrically reversid))، لەبەر ئەوەی كە ناشێ فۆڕمی ((كەمتر )) یا ((زیاتر)) بدرێتە پاڵیان (ك٦). بۆنمونە كەس ناتوانێت ((بیشتر متأهل باشد تا مجرد!)) یا ((بیشتر مرده باشد تا زنده !))

دەتوانین جۆریكی تریش لە جۆرەكانی بەرامبەری لە نێوان ئەم وشانەدا بدۆزرێتەوە كە پەیوەندیەكی دووسەرە هەیە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە لەنێوان جووتە وشەكانی ((خرید/فروش))، ((زن/مرد))، ((بزرگتر /كوچكتر)) و...هتد ئەم پەیوەندیە هەیە، بەو شێوەیەی كە ئەگەر (A) شتێك بفرۆشێت بە ((B))، ئەوا حەتمەن دەبێ ((B)) شتەكە لە (( A )) بكڕێت ، ئەگەر A ژنی B بێت، ئەوا Bیش مێردی Aیە. لاینز بۆ ئەم جۆرەیان سوود لە زاراوەی ((هەڵگەراوەیی ((conversness)) وەردەگرێت (ك٣،ل ٢٧٨) بەڵاّم ئێمە بە نموونە گیری لە بۆچوونەكانی پاڵمەر، زاراوەی ((بەرامبەریی دووسەرە)) ((relation opposition))بەكاردێنین (ك٦). چەند كارێكیش هەن كە دەچنە ڕیزی ئەم جۆرەیانەوە. دەتوانین جووتە وشەكانی ((خریدن/فروختن))، ((قرض دادن/ قرض كردن))، ((اجازەدادن/ اجازەكردن)) بە نموونە بهێنینەوە.



فۆرمەكانی كاری دیار و نادیاریش نیشانەی جۆرە بەرامبەریەكی دووسەرەن، لەبەر ئەوەی كە ئەگەر A، B بكوژێت، ئەوا B لەلایەن Aیەوە كوژراوە و ئەگەر A، B بشكێنی، ئـەوا B لـەلایەن Aیەوە شكێنراوە.

لاینز بۆ خستنە ڕووی بەرامبەری دووسەرە سوود لە ئامرازی ژێر بیژان وەردەگرێت (ك٣، ل٢٧٩)؛ بەو شێوەیەی كە: ئەگەر R پەیوەندی نێوان a، b نیشان بدات، ئەوا Я بەرامبەری دووسەرەی R دەژمێردرێت، یاسای (a، b) Я = R (a، b) هەمیشە بەرامبەری دووسەرە دەنوێنێ. ئەمەش زیاتر لەو ڕستانەدا دەردەكەوێت كە تیایدا a بكەرو b بەركارە. بارهیلل لە رستەیەكی وەكو ((X، y بەz فرۆشت)) و ((Z، y لە X كڕی))، یاسای R (x ، y، z)= Я ( z، y،x) بەدەست دێنێت (ك٣،ل٢٨٠). ئەمەش تەنها بۆ بەرامبەری دووسەرە دروستە.

تا ئێرە باسی سێ جۆر بەرامبەری، واتە بەرامبەری پلە دار، تەواوكەرانە و دووسەرە مان كرد. بە بۆچوونی لاینز، تەنها دەتوانین بە بەرامبەری پلەدار بڵێین ((دژواتا)) و بەرامبەریەكانی تر لە بەر ئەوەی چەند تایبەتمەندیەكیان هەیە ،ڕێگرن لەوەی كە زاراوەی ((دژواتا)) یان بۆ بەكاربهێنرێت (ك٣، ل٣٨١) دەتوانین گروپێكی تری بەرامبەریەكان لە چوارچێوەی ((بەرامبەری ئاراستەیی)) ((directional opposition))دا بخەینە ڕوو. نموونەی بەرچاوی بەرامبەری ئاراستەیی، ((ڕۆیشتن/هاتن))ە، كە بۆ یەكەم جار لە لایەن فلیمۆرەوە خرایە ڕوو (ك٦،ل١٣٨).

((هاتن)) بەگوێرەی ((ڕۆیشتن)) پێویستی بە جوڵە هەیە بە ئاراستەی قسەکەر یان گوێگر.

دەتوانین چەند جوتە ووشەیەکی تری وەکو ((هێنان/ بردن)) یا((دان/ وەرگرتن)) وەکو نموونە بهێنینەوە بۆ بەرامبەری ئاراستەیی. دەتوانین چەند جووتە وشەیەکی تری وەکو ((هێنان/ بردن)) یا ((دان/ وەرگرتن)) وەکو نموونە بێنینەوە بۆ ئەم دەستە بەرامبەریانە.

ئەو جۆرانەی تری بەرامبەری کە دەتوانین لێــــرەدا بیخەینەڕوو ((بەرامبەری خەتی)) ((orthognal opposistion))و ((بەرامبەری سەرە تیرەیی)) ((antipodal opposition))ن، کە دەشێ بەشێوەیەکی ورد لێکیان جیا بکەینەوە. لە ڕێگای ئەو بەرامبەریەی کە لە نێوان زنجیرە وشەکانی ((باکور))، ((باشور)) ((ڕۆژهەڵات)) و ((رۆژئاوا))دا هەیە، دەتوانین ئەم دوو جۆرە بەرامبەریە لێك جیا بکەینەوە. هەریەکە لەم چوار ووشەیە .دەتوانێت لە دۆخێکی بەرامبەری دا ببێت لەگەڵ دوو وشەدا و لەگەڵ وشەی چوارەمدا لە دۆخێکی تری بەرامبەری. ((باکوور)) پەیوەندی بەرامبەری خەتی لەگەڵ وشەی ((ڕۆژهەڵات))و ((ڕۆژئاوا))دا هەیە و لەگەڵ وشەی ((باشوور)) بەرامبەری سەرە تیرەیی. لای هەموو کوردێك ئاشکرایە کە ((باکوور)) پەیوەندی بەرامبەری هەیە لەگەڵ ((باشوور)) و ((رۆژهەڵات)) لەگەڵ ((ڕۆژئاوا))دا. بەو مەرجەی کە دەبێت چوار ووشەکە لە کۆمەڵەیەکی دوودانەیی ((باکوور/ باشوور))و لە ((ڕۆژهەڵات/



رۆژئاوا))دا ڕێك بخرێن. لەم بارەدا جووتە ووشەکانی سەرەوە لەپەیوەندیەکی تەواوکەرانەدا دەبن لەگەڵ یەکدا؛ بەڵام ئەوەی کە لێرە گرنگە. ئەوەیە کە ئێمە ڕووبەڕووی زنجیرەیەك ووشە بوینەتەوە کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو ئیسپاتی یەکێکیان نەفی سێ دانەکەی ترە. لاینز بۆ ئەم لایەنە، جووتە ڕستەکانی ((سەروو/خواروو))، ((دواوە/پێشەوە))، ((چەپ /ڕاست)) لە چوار چێوەیەکی سێ رەهەندی، لەبەرامبەری سەرەتیرەییدا دەبێت.

بەرامبەری سەرەتیرەیی تایبەت نیە بە بۆشایی فیزیکی شتەکانەوە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەمەش، دەتوانین نمونە لە پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان بنێینەوە. جووتە وشەی ((سپی/ڕەش)) دەتوانێت لە چوارچێوەیەکی دوو جەمسەریدا، لە حاڵەتی بەرامبەری تەواوکەرانە دابێت. بەڵام لە بنەڕەتدا ڕستەی ((Aڕەش نیە)) ئەوە ناگەیەنێ کە A حەتمەن دەبێ سپی بێت. بەڵکو A دەتوانێت هەر ڕەنگێکی تر بێت جگە لە رەنگی رەش، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەنگەکان چوارچێوەیەك پێك دێنن کە نەفی یەکێکیان ئەگەری ئیسپاتی تەواوی ئەندامەکانی ترە.

بەم پێیە دەتوانین بەشێوەیەکی کورت بڵێین بەرامبەری خەتی و سەرەتیرەیی، تەنها کاتێك دەخرێنە ڕوو کە ئێمە ڕوو بە ڕووی نەك تەنها یەك جووتە ووشە بەڵکو کۆمەڵێك جووتە ووشە ببینەوە .ئەم وشانە دەتوانن دوو بە دوو پەیوەندی بەرامبەری سەرەتیرەیی لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن، بەڵام هەریەکەیان لەحاڵەتی بەرامبەری خەتی دادەبن لەگەڵ ئەندامەکانی تر. دەستە

وشەکانی ((پسر عمو))، ((پسر عمە))، ((دختر عمو))، ((دختر عمە))، یا ((پسر خالە))، ((پسر دای))، ((پسر خالە)). ((دختر دایی))، جووتە ووشەکانی ((پسر عمو، دختر عمو))، ((پسر عمە، دختر عمە))، ((پسر خالە، دختر خالە))، ((پسر دایی، دختر دایی)). لە پەیوەندی سەرەتیرەیی دان لەگەڵ یەك دا، بەڵام هەریەکە لەم ووشانە کە لە یەکێك لەم دوو دەستە چوار دانەییەدان، پەیوەندی خەتیان لەگەڵ دوو ئەندامەکەی تر داهەیە.

خستنە ڕووی ئەو ووشانەی کە لە کێلگە واتایی یەکاندان، هەمیشە جووتە ووشەی بەرامبەری لە نێوان خۆیاندا دروست ناکەن. بۆ نمونە ناتوانین بڵێین لە کۆمەڵەی ((شەمە))، ... ((یەکشەمە))، ((هەینی))، یا ((نەورۆز))، ((گولاّن))...، ((ڕەشەمێ)) پەیوەندی بەرامبەری لە نێوانیاندا هەیە. لە نێوان گۆڵەکاندا چۆن دەتوانین بڵێین ((یاسەمین)) لەگەڵ فلان گوڵدا لەپەیوەندی بەرامبەری دایە؟.

لەم هەموو نمونانەدا، ڕووبەڕووی چەند ووشەیەك دەبینەوە کە بەگوێرەی ئەو جیاوازیەی کە لە نێوانیاندایە، گێڵگەیەکی واتایی لە نێوانیاندا دابەش بووە؛ هیچ کامیان لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی بەرامبەری لە نێوانیاندا نیە  لەگەڵ ئەوەشدا، لەڕووی واتاییەوە، بە دژ واتایی یەکتر دەژمێردرێن. ئێمە ناتوانین لەیەك کاتدا ئاژەڵێك هەم بە شێر و هەم بە فیل بێت یا گوڵێك هەم بە سەوسەن و هەم بە یاسەمین دابنێت وە هەر لێرەوەیە کێشەی ((جیاواز بوون)) ((contrast)) بخەینەڕوو.



باسەکەمان بە ڕوونکردنەوەیەکی کورتی ((کێلگە واتاییەکان) ((simientic field))درێژە پێ دەدەین. ئەم تیۆرە بەگشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە سۆسیر لە ژێر ناونیشانی بەها ((value)) خستویەتیە ڕوو (ك٨،ل١٥٣). سۆسیر پێی وایە پولی شەترەنج بە هۆی ئەو ئەو پەیوەندیەوە کە لەگەڵ پولەکانی ترەوە هەیەتی و نەوەکو بە هۆی خودی پولەکەوە، بەهای پولێکی هەیە. وای بۆ دەچێت، کە بەهای وشەیەك، لە ڕێگەی پەیوەندی ووشەکە بەکۆمەڵە ووشەیەکی تری زمانەوە دەردەکەوێت. بۆ نموونە فۆڕمی کۆ لە (کوردی)و عەرەبیدا بەهای جیاوازیان هەیە؛ لەبەر ئەوەی کە لە عەرەبیدا تاك وجووت و کۆ هەیە. لە کاتێکدا لەزمانی کوردیدا تەنها لە دوو فۆرمی تاك و کۆدا خۆی دەنوێنێت، سۆسێر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر یەکێك لە ووشە هاو واتاکانی ((وحشت))، ((هراس))، ((باك)) ((بیم)) و ((ترس)) لە نێوبچێت. ئەوا ناوەڕۆکە واتاییەکەی بۆ چوار ووشەکەی تر دەگوازرێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، کێڵگەی واتایی((ترسیدن)) لە فارسیدا لە نێوان زیاتر لەپێنج وشەدا دابەش بووە کە لە کاتی لادانی یەکێکیاندا ،لە نێوان ئەوانەدا دابەش دەبێت کەماونەتەوە.

ئێستا لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەوەی کە لەژێر ناونیشانی جیاوازبووندا خرایە ڕوو دەتوانین بڵێین ئەو وشانەی کە دەلالەت لەڕۆژەکانی حەفتە دەکەن، کێڵگەیەکی واتایی تایبەت لە نێوانیاندا دابەش دەبێت و لە ڕووی واتاوە، لە حاڵەتی

جیاوازبوون دان، تەنانەت ئەگەر لە جیهانی دەرەوە،شوێنێکی دیاریکراویش نەبێت بۆ ئەوەی کەبەبەرامبەری دابنرێت. پالـــمەر پـــێی وایە کە سنورێکی تەواو جیاکەرەوە لە نێوان دوو ووشەی ((سۆر)) و ((نارنجی))دا نیە (ك٦، ل٨١)و ئەنجامی ئەزموونە فیزیکەکانیش کە لە چوارچێوەی جیاوازی نێوان درێژی شەپۆلە ڕوناکیەکانی سۆر و نارنجی دا بەدەست دێت، ناتوانێت بۆ زمان سوود مەندبێت. هەرگیز ناتوانین بڵێین کە شتێك لەیەك کاتدا هەم سۆر و هەم نارنجی یە، بەم پێیە دوو وشەی((سۆر))و ((نارنجی)) پەیوەندی جیاوازبوون لە نێوانیاندا هەیە.

هەڵبەتە دەشێ هەندێك لە کێڵگە واتاییەکان بە شێوەیەکی تەواو زانستی و ئاڵۆز لێی بکۆڵرێتەوە، بەلاّم ئەم هەوڵ و کۆششە ناتوانێت لە زماندا رەنگبداتەوە. ئێمە لە زماندا، ئاوەڵناوێکمان نیە کە بتوانێت بۆشایی رستەیەکی وەکو ((سۆر،...ترە لەنارنجی)) پڕبکاتەوە. لەرر لەو بروایەدایە کە ئەو گروپە جیاوازانەی کەلەچەنــد ئەندامێك پێکهاتوون، دەتوانن بە شێوەیەکی زنجیرەیی ((serially))یا بازنەیی (cyclicaly) ڕێك بخرێن. مەبەست لە ڕیکخستنی زنجیرەیی ئەوەیە کە ئەم سەرو ئەوسەری گروپی ووشە جیاوازەکان دوو ووشەی دژ واتا بێت و ئەندامەکانی تر بەڕیز لە نێوان ئەم دوو ئەندامانەدا دابنرێت. بەلاّم لە رێکخستنی بازنەیدا، هەرئەندامێك لە نێوان دووئەندامی تردا دادەنرێت (ك٢، ل٢٩). لە کاتێکدا کە باس لە رێکخستنی زنجیرەیی دەکەین، دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان پێوانە (scale)و پلە (rank)دا ئەم جیاوازیە



پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیـــە بە پلەداریەوە. دەتوانین دەستە ووشە جیاوازەکانی ((باشترین)) ((زۆرباش))، ((باش))، ((خراپ)) و ((خراپترین)) بە نموونە بهێنینە، کە بەشێوەیەکی زنجیرەیەکی رێك خراون و پێوانە کراون. بەرای لرر، ئەو ئەندامانەی کە کۆتایی دژ واتا دەگرنەوە، لەم جۆرە گروپانەدا لە پەیوەندی ((بەرامبەری هاوسەنگ))دان (ك٢،ل٢٨).

لیچ پێی وایە، کە دەتوانین ((بەهار))، ((هاوین))، ((پایز))، ((زستان))، ((گولاّن))،.... ((رێبەندان))و ((رەشەمێ)) بە زەقترین نموونەی گروپە بازنەییەکان دابنێین (ك١، ل١١٦)). لەم گروپانەدا، دژواتایی لە نێوان ئەندامی یەکەم و کۆتاییدا بەرچاو ناکەوێت و هەرئەندامێکی دەکەوێتە نێوان دوو ئەندامی ترەوە.

بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ڕێکخستنی زنجیرەیی و بازنەیی دەتوانین دوو جۆر نموونەی جیاواز لە ڕەنگەکان بهێنینەوە. گروپی ((ڕەش))، ((خۆڵەمێشی)) و ((سپی)) لە پێوانەیەکدا ڕێك خراون، بەلاّم ((بنەوشەیی))، ((نیلی))، ((شین))، ((کەسك))، ((زەرد))، ((نارنجی)) و ((سۆر)) لە ڕێکخستنێکی بازنەییدا دابنراون. لە یەکەم تێڕوانیندا وا دێتە بەرچاو کە جیاوازی نەبێت لە نێوان بەرامبەری هاوسەنگ و پلە داردا، بەلاّم ئەم جیاوازیە بە شێوەیەکی زۆر ورد لە پەیوەندی نیشانە کراوی و نیشانە نەکراوی ئەندامەکاندا دەردەکەوێت.هەرچەندە کە دەتوانین جووتە ووشە بەرامبەریەکانی ((گەرم/ سارد)) لە دەستە وشە جیاوازەکانی ((گەرم))، ((نیمچەگەرم))، ((شیرتێن))، ((فێنك)) و ((سارد))

دابنرێن و له پێوانەیەکدا ڕێك بخرێن، بەڵام ((گەرم)) به هۆی نیشانەکراوییەوە له نموونەکانی بەرامبەریهاوسەنگ جیادەبێتەوە.

دەستەیەکی تری ووشەکان دەتوانن به یارمەتی مۆرفیمەکانی نەریٚ بەرامبەری دروست بکەن، بۆ نموونه ((آگاه/بی آگاه))، ((باشرف/بیشرف))، ((اصولی/غیر اصولی)). دەتوانین ئەم جۆره بەرامبەریانه له ژێر ناونیشانی ((بەرامبەری لێکسیکی)) بخەینەڕوو.

لاینز لەو بڕوایەدایه که هیچ جۆره پێویستیەکی لۆژیکی له زماندا نیه بۆ بوونی ئەم دەسته بەرامبەریانه و بەرامبەری لێکسیکی تایبەته به هەندیٚ له زمانەکان (ك٣، ل٢٧٦)،بەڵام هەر چۆنێك بێت دەبێت دان به بوونی کێشەی بەرامبەری لێکسیکی دابنێین له زۆربەی زمانەکان و ناتوانین چاوپۆشی لیٚ بکەین.

ئۆگدن پییٚ وایه که ناکردنی کار ئەولاتره له بەکارهێنای ئاوەڵناوی نەریٚ و پێشنیاری ئەوه دەکات که له ئینگلیزیدا دەبێت بەلای کەم له جیاتی ئەوەی که کاری ئەریٚ له ڕێگەی ئاوەڵناوی نەرێوه بکرێت به نەریٚ،سود له کاری نەریٚ وەربگرێت لەپاڵ ئاوەڵناوی ئەریٚ دا (ك٤، ل١٣١).ئەوەی که ئۆگدن دەیخاته ڕوو ،لاینزیش پەسەندی دەکات (ك٣، ل٢٧٧).ئەمەش وەکو ئەوه وایه که بڵێین بەکارهێنانی کاری ئەریٚ له پاڵ ئاوەڵناوی نەریٚ،هاوواتای بەکارهێنانی کاری نەریٚ یه له پاڵ ئاوەڵناوی ئەریٚ دا. بەڵام گریمانەیەکی لەم جۆره ناشیٚ پەسەند بکرێت، لەبەر ئەوەی کەئەم جۆره ڕستانه له ڕووی کاریگەری دەروونیەوە



جیاوازن. دوورستەی ((اوکسی با شعور نیست))، ((اوکسی بی شعور است)) هاوواتای یەکترنین و ئەمه بۆ بەرامبەری یه لێکسیکی یه کانی تریش دروسته.

تاکو ئێستا باسی جۆرەکانی بەرامبەریمان کرد و له کۆتاییدا ئاماژەمان بەجۆرێکی تری بەرامبەری ناوەوه (( connotutional opposition)) کرد. بەداخەوه له زۆربەی لێکۆلینەوه واتاسازیەکاندا، قسەی لەبارەوه نەکراوه ئەمەش بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که تاکو ئێستا چوار چێوەیەکی ڕوون بۆواتای ناوەوه (سێبەری واتایی))دیاری نەکراوه. ئۆزگود دەچێته ڕیزی ئەو واتا ناسانەی که بایەخیان بەواتای ناوەوه داوه(ك٥)، بەڵام به بۆچونی پاڵمەر، له لێکۆلینەوەکانیدا ناتوانریٚ جیاوازیەکی ورد بکریٚ له نێوان واتای ناوەوه و باری دەروونیدا (ك٦، ل٦٤). هەرچۆنێك بێت دەبێت دان بەوه دابنێین که بەرامبەریەکانی وەکو ((راه/ چاه))، ((دوغ/ دوشاب)) و ((فیل/ فنجان)) جێگەیان نابێتەوه لەو جۆرانەی بەرامبەری که باسمان کردوون. ئەم نموونانه له هەر هەموویاندا پەیوەندی هەیه له نێوان ووشەکاندا. له ڕووی وێنەی هۆشەکییەوه، ئەو نێوان دژیەی که له نێوان ووشەکاندا هەیه بۆ وێنه هۆشەکیەکانیان دەگەڕێتەوه که سیماکانی ناوەوەیان دەبێته هۆی دروست بوونی ئەم بەرامبەریه. بۆ نموونه له جووته ووشەی ((فیل/ فنجان))دا، هەریەکەیان خاوەنی سیمای ناوەوەی (گەورەیی)ین، (+گەورەیی)ی فیل و (-گەورەیی)ی فنجان دەبێته هۆی دروست بوونی ئەم بەرامبەریه، لەم بارەیەوه دەتوانین جووته

ووشەی ((مرد/ نامرد))یش بە نموونە بهێنینەوە کە لە یەکەم ڕوانیندا دەخرێتە ڕیزی بەرامبەری لێکسیکی یەوە ،چونکە لێرەدا مەبەستمان واتا راستەوخۆکەی ((مرد)) نیە، کە لە بەرامبەری تەواو کەرانەدایە لەگەڵ ((زن))دا، بەڵکو مەبەستمان واتاکەی ناوەوەیە واتا ((پیاوەتی)) کە لە نێوان ((مرد/ نامرد))دا بەرامبەری ناوەوە دروست دەکەن.

بەهەرحاڵ لێکۆڵینەوە لە بارەی جۆرەکانی بەرامبەری و جۆری پۆلێن کردنیان ،هەمیشە جێگەی تێڕوانینی جیاجیای واتاناسان بووەو ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەش لەمە بەدەر نابێت.

## سەرچاوەکان


1. leech; G. Nsemantics. Harmondsworth; Penguin, 1974.
2. Lehrer;A.semantic fields and lexical structure. North Holland&N.Y.American Elsevier, 1974.
3. Lyons; J. semantics.vol. I.Cambridge: camb.Univ. press, 1978.
4. Ogden;C.KOpppsition.Lomdon,1932.
5. Osgood; C.E et al.The Measurment of meaimg. Ill.univ.of Illnnois press,1976.
6. Palmer; E,Language. n. y. harcout, Brace & World, 1921.
8. Saussur; F.de.Cours de linguistique generale. paris: payot, 1916.
9. Ullmann; s. semantics. Oxford; Blackwell. N.Y, 1962.




## ئاوڕدانەوەیەك لە گرتنەوە(هایپۆنیمی)

گرتنەوە(hyponymy) یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە ئاڵۆزانەی کە لە چوار چێوەی واتاسازی بونیادگەریدا خراوەتەڕوو. لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە کە لە ڕێگەی دیاری کردنی تایبەتیەکانی ئەم کێشەیەوە، بنەماکانی لە زمانی فارسیدا بخرێتە ڕوو. بەڵام بەر لە هەر شتێك دەبێ پێناسەیەکی کورتی گرتنەوە، بەو شێوەیەی کە لە نێو واتاناساندا خراوەتە ڕوو، بکەین.

لاینز پێی وایە کە گرتنەوە بریتی یە لەو پەیوەندی یەی کە لە نێوان دوو ووشەدا هەیە بە شێوەیەك کەواتای یەکێکیان ئەوەندە فراوان بێت کە بتوانێت واتای ووشە کەی تریش بگرێتەوە (ك٢،ل٢٨١). بۆ نموونە کاتێك کە وشەی((گوسفند)) واتای وشەکانی ((قوچ)). ((میش))، ((برە))یش دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین ((گوسفند)) لە بەرامبەر سێ ووشەکەی تر، گرتنەوەیەکی فراوانتری لە خۆ گرتووە.

بە لەبەرچاو گرتنی هێلکاری (١)، دەتوانین چەند زاراوەیەك لە بارەی کێشەی گرتنەوە ڕوون بکەینەوە

ئەو وشەیەی کە واتایەکی فراوانتری لە خۆ گرتوە و دەتوانێت چەند ووشەیەکی تریش بگرێتەوە ((گوسفند)) لاینز بەزاراوەی ((superodionate)) ناوی دەبات. ئەو ووشانەی کە واتای

هەریەکەیان لە ژێر گرتنەوەی گشتگردا دانراوە (قوچ، میش و بره)) دەبن بە ((هاوگر)) ((cohyponmy)ی یەکترو هەر یەکەیان ((شوێن گر))((hyponim)) ی وشە گشت گرەکەیە (ك٢، ل٢٩١).

بەپێی هێلکاری(١) هەریەکە لە ووشە شوێن گرەکانی ((گوسفند)) سیمای جیاکەرەوەیان هەیە و ((گوسفند)) وەکو وشەیەکی گشتگر لە بەرامبەر ئەم سیما جیاکەرەوانەدا، دوولایەنە. بە دەربڕینێکی سادەتر دەتوانین بڵێین ئەگەر سیمای ڕەگەز ((قوچ)) و ((میش)) لێك جیا بکاتەوە هەردووکیشیان وەکو وشەیەکی هاوگر لە ڕێگەی سیمای هەراشەوە لە ((بره)) جیا دەبنەوە، وشە گشتگرەکە ((گوسفند)) هەموو سیما واتاییەکانی ووشە شوێن گرەکان لە خۆ دەگرێ.

گوسفند

| قوچ | میش | بره |
|---|---|---|
| +هەراش | +هەراش | -هەراش |
| +نێر | -نێر | +نێر |

**هێلکاری (١)**

بەر لەوەی کە گرتنەوە لە چوار چێوەی واتاسازیدا بخرێتەروو، بەشێك بوو لە باسە باوەکانی لۆژیك، بە شێوەیەك کە ئەگەر X چینی ((گوڵ)) بگرێتەوە y یش چینی ((گولاڵە))، ئەوا y لەژێر چینی X دەبێت.



Y جۆرێکە لە x

گوڵاڵە جۆرێکە لە گوڵ

**هێلکاری (٢)**

بەبۆچونی لاینز، خستنە ڕووی بۆچونی ژێیر بێژان لە واتا سازیدا چەند کێشەیەك دەنێتەوە. یەکەم ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە کە هاوگرەکان ناتوانن گشتگر لە خۆ بگرن (ك٢، ل٢٩٧). دەبێت ئەوە بڵێین کە لە ڕووی فراوانی (extention) وشەکانەوە وشە گشتگرەکە واتایەکی فراوانتری لە خۆ گرتوە، بەلاّم لە دیدی مەبەست (intention)ی وشەکانەوە ، شوێن گرەکان واتایەکی فراواتریان لە خۆ گرتوە، لەبەر ئەوەی شوێنگرەکان هەموو سیماکانی گشتگرەکەیان هەیە جگە لەمەش، سیما جیاکەرەوەکانیشیان لە خۆ گرتووە کە لە هاوگرەکانی تریان جیادەکاتەوە. دووەم ئەوەیە کە شێوەی شیکردنەوەی لۆژیکی تا ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی بنەمایی ((وێنە یا مصداق))، واتە واتای نازمانی و ((چەمك)) واتە واتای زمانی، بەشێوەیەکی ورد لەیەکتر جیانەکەنەوە، لەگەڵ واتاسازی، ناگونجێ. یەکەم جار کارناب ئەم لایەنەی بەشێوەیەکی ڕوون خستۆتە ڕوو، بەبۆچوونی کارناپ وێنەی وشەیەکی وەکو ((گوڵ) بۆ چینێك لە توخم دەگەڕێتەوەو چەمکەکەی، سیما جیاکەرەوەکانی ئەم چینە و چینەکانی تریش دەگرێتەوە(ك١).

بە لەبەرچاو گرتنی کێشەی گرتنەوە دەتوانین پێناسەیەکی نوێی ((هاو واتایی) ((synonymy) بکەین:

بەو شێوەیەی کە ئەگەر x شوێنگری yبێت و y یش شوینگری x، ئەوا xوyهاوواتایی ڕێژەیی یەکترن. بۆ نموونە دەتوانین دوو وشەی ((جهان)) و((دنیا)) بێنینەوە. لای هەندێ لە فارسەکان ئەگەری ئەوە هەیە کە ((جهان)) وشەی گشتگربێ ((دنیا)) شوێنگری بێ، بەڵام لای هەندێکی تر ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە .بەم پێیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم دوو وشەیە هاوواتای یەکترن. لەم بارەدا دەڵێین هەردوو وشەکە لە حاڵەتی گرتنەوەی بەرامبەری ((hyponymy symetrecal))دان.

دەتوانین کێشەی گرتنەوە بە جۆرێك لە پەیوەندی ((تێپەر)) (transtive) دابنێین ئەم زاراوەیەش لە ڕێگەی لۆژیکەوە هاتۆتە نێو واتا سازیەوە، بەو واتایەی کە ئەگەر xشوێن گری y بێت و yشوێن گری z، ئەوا xدەبێتە شوێن گری z. بۆ نمونە ئەگەر (گاو) شوێنگری ((پستاندار)) بێت ((پستاندار))یش شوێنگری ((حیوان))))، ئەوا ((گاو)) شوێنگری ((حیوان))ە.




**هێلکاری(٣)**



بۆ دەستنیشاکردنی پەیوەندی گرتنەوەی نێوان دوو وشە دەتوانین سوود لە ڕستەیەکی کلیشەیی وەکو ((x جۆرێکە لە y)) وەربگرین، هەر ووشەیەك کە بتوانێ شوێنی x بگرێتەوە لەم کلێشەیەدا، ئەوا شوێنگری ئەو وشە گشتگرە یە کە دەتوانێت لە شوێنی y دەرکەوێت.

کێشەی گرتنەوە ژمارەی وشە گشتگرو شوێنگرەکان، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، دەگۆڕێت. بۆنموونە لە زمانی فارسیدا وشەی ((موجودات)) بە گشتیری ((انسان)) و ((حیوان)) دادەنێین لە کاتێکدا beingsی ئینگلیزی، گشتگری ((مرۆڤ))، ((ئاژەڵ)) و ((ڕووەك))ە (ك٤ و ل٧٧).

پاڵمەر لەکاتی باس کردنی گرتنەوەدا ،پەیوەندی ((پێوسیت بوون)) (enialment) دەخاتە ڕوو و ئاماژە بەوە دەکات کە دروستی ڕستەی وشە گشتگرەکان پێویستی بە دروستی ڕستەی وشە شوێن گرەکان هەیە. بە دەربڕینێکی تر، دروستی ڕستەی ((قیمت گوسفند بالا رفته)) پێویستی بە دروستی ((قیمت میش بالا رفته)) دەبێت، دروستی ڕستەی ((دخانیات برای سلامتی بدن مضر است)) پێویستی بە دروستی ڕستەی (سیگار برای سلامتی بدن مضر است)) دەبێت (ك٤، ل٧٨) ئاماژە بە لایەنێکی تری ئەم بابەتەش دەکات ئەویش ئەوەیە کە پێچەوانەکەی دروست نیە. بۆ نمونە ئەگەر بڵێین ((لاله زیبا است)) ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو گوڵەکان جوانن.

بەبۆچونی نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بڕیاردانێکی بڕای بڕی لەم جۆرە بە تەواوەتی لەگەڵ بارودۆخی زمان یەك ناکەوێتەوە. لەبەرئەوەی کە ئەگەر ئێمە بڵێین ((در اینجا گل می فروشند)) هەرچەندە کە ڕێی تێدەچێ لەوێدا ((گوڵاڵەش)) بفرۆشن. بەڵام ناتوانین بڵێین کە پێویستە (گوڵاڵە) هەبێت. بەم پێیە وا دێتە بەرچاو کە ناتوانین لە بارەی پەیوەندی نێوان ووشەی گشتگیر وشەی وشە شوێنگرەکاندا بڕیارێکی یەکجارەکی یا لانی کەم لە دیدی پێویست بوونەوە، بەڵکو چەندین بەڵگەی تر هەن کە بڕیارێکی یەکجارەکی لەم جۆرە ڕەت دەکەنەوە.

دەتوانین لایەنێکی تریش لە گرتنەوە بخەینە ڕوو و بە داخەوە کە یان بایەخی پێ نەدراوە و یا لێکدانەوەیەکی ناتەواوی بۆ کراوە، ئەگەری بەرزبونەوەی یەکێك لە وشە شوێنگرەکانیش بۆ شوێنی وشە گشتگرەکە هەیە. دەتوانین پەیوندی وشە هاوگرەکانی ((مداد))، ((قلم))، ((خودکار))، ((ماژیك))و...هتد بە وشەی گشتگری ((نوشت افزار))ەوە بە نمونە بهێنینەوە. لە نێوان وشە شوێن گرەکانی ئەم وشە گشتگرەدا ((قلم)) دەتوانیت بەرزبێتەوە بۆ شوێنی ((نوشت افزار)). ئەگەر کەسێك داوای قەلەمێکمان لێبکات یەك لەدوای یەك ئەم قەلەمانە دەخەینە بەردەستی: مداد، خودکار یا ماژیك، بەلاّم ئەگەر داوای ((ماژیك))مان لێبکات، ئەوا ئاماژەی بۆ پێنوسێکی تایبەتی کردووە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە ئەگەری ئەوە هەیە وشەیەکی شوێنگر، سیما تایبەتیەکانی خۆی لە دەست بدات و وەکو وشەیەکی گشتگر بەکاربێت. بۆنموونە، هێلکاری (٤)یش لەبەرچاو دەگرین.






**هێڵکاری (٤)**

نیشانەی ئەوەیە کە((اسپ نر)) بەرز بۆتەوە بۆ شوێنی وشە گشتگرەکەی. لەبەرامبەر ئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو دەتوانین بۆچونی پاڵمەریش بخەینە روو کە بەیارمەتی هێلکاری (٥) ڕوون کراوەتەوە.




**هێڵکاری (٥)**

پاڵمەر لەو بڕوایەدایە کە وشەی (dog)ی ئینگلیزی لە پۆلینکردنەدا، دوو بۆشایی پڕدەکاتەوە ((ك٤، ل٧٧): بەدەربرینێکی تر dog لە شوێنی وشەی گشتگر، dog یێك وەکو وشەی شوێن گر لە خۆ دەگرێ .

لە هێڵکاری (٦) دا دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە (ك٤،ل٧٧).




**هێڵکاری(٦)**

پاڵمەر بۆ ڕوونکردنەوەی هێڵکاری (٦) ئاماژە بەوە دەکات کە animal 1 گشتگرە بۆ animal 2 بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە سوود لە animal 2 وەرگیراوە، بەم پێیە بەبۆچونی پاڵمەر سێ ووشەی animal یا لانی کەم یەك وشەی animal بە سێ واتای جیاواز هەیە، یەکەمیان لەبەرامبەر (vegetable)، دووەمیان لە بەرامبەر(inset,fish,bird) و سێیەمیان لە بەرامبەر human دا دانراوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕێی تێ دەچێ کە لەیەکەم روانین و لە ڕووی تیۆرییەوە پەسەند بکرێ ، بەڵام واقعی نیە. animal لە ئینگلیزیدا تاکو ئێستا وەکو ئەوەی کەلە فەرهەنگە باوەکاندا هاتووە ، لەیەك واتادا زیاتری نیە .ئەوەی کە لێرەدا خراوەتە روو بەکارهێنانێکی گشی تری ئەم وشەیەیە لە حاڵەتی بەرزبوونەوەی بۆ پلەیەکی سەرووتر.

Animal 3 سیما تایبەتییەکانی خۆی لەدەست داوە و بەرزبۆتەوە بۆ شوێنی animal 2 پاشان لە بەکارهێنانێکی



گشتی تردا بەلەدەست دانی سیماکانی تر بۆ شوێنیanimal 1 بەرزبۆتەوە. لایەنێکی تری گرتنەوە کە جێگەی گرنگی پێ دانە و بەو شێوەیەی کە پێویستە بایەخی پێ نەدراوە، ئەگەری بەکارهێنانی وشەی گشتگرە وەکو فۆڕمێکی تایبەت. دەتوانین وشەی گشتگر لە بارودۆخێکدا بەکاربێت کە هەندێ لە ووشە شوێنگرەکانی خۆی نەگرێتەوە. بۆ نمونە هەرچەندە کە ((گوسفند)) وشەی گشتگرە بۆ ((قوچ))، ((میش))و ((برە)) بەڵام ((گوشت گوسفند)) تەنها ((گوشت قوچ)) و (گوشت میش)) دەگرێتەوە و هەرچەندە کە ((گاو)) وشەی گشتگیری ((نرە گاو))، (مادەگاو)) و ((گوسالە))یە بەڵام، رستەی (گاوش دیروز مرد)) بە هیچ شێوەیەك بە واتای ((گوسالە اش دیروز مرد)) بەکارنایەت.

بەم پێیە دەبێت دان بەوە دا بنێین کە دەشێ کێشەی گرتنەوە بە شێوەی تیۆری و دوور لە چوارچێوەی بەکارهێناندا بەشێوەیەکی ورد بخرێتە ڕوو، بەڵام ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیەی کە لە نێو زۆربەی واتا ناسادندا باوە لە کاتی خستنە ڕووی بۆچونی پڕاگماتیکیدا توانای خۆی لەدەست دەدات .

## سەرچاوەکان


1. Carnap R; Meaning and Necessity. 2nd edition; Chicago: Univ. Press, 1950.
2. Lyons; J. semantics. Vol. I, camridge Univ. Press, 1978.
3. Leech; G. N. semantics. Harmondsworth, Penguin, 1974.
4. Palmer; F. R. Semantics. A new outline; Cambridge: Cambridge Univ. Press, 1976.
5. Ullmann; S. Semantics. Oxford: Blackwell & N. y., 1962.




## نیشانە کردن لە واتاسازیدا و کێشەی سیما واتاییەکان

کێشەی نیشانە کردن یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە چوارچێوەی بنەماکانی بونیادگەریـــــدا خراوەتە ڕوو بۆ یـــەکەم جـار لــــەلایەن قوتابخانەی زمانەوانی پراگەوە باسی لێوە کراوە (ک١١,١٢). ئەویش لەسەرەتادا وەکو ئامرازێك بۆ شیکردنەوەی فۆرمی فەرهەنگیمان بەکارهاتووە. بەلاّم لەبەرئەوەی گرنگیەکەی ئەوەندە زۆربووە دوای ماوەیەك لە ئاستە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا سوودی لێوەرگیرا و ئەم بەکارهێنانە بەرەبەرە تا ئەو رادەیە فراوان بوو هەروەکوو لاینز دەڵێ چەند دیاردەیەکی جیاوازی لە خۆگرت(ک٦، ل٣٠٥).

لەم کورتە وتارەدا هەوڵمان داوە. لە هەنگاوی یەکەمدا هۆکاری نیشانەکردن لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە واتا سازیاکانی زمانەوە شی بکەینەوە و دواتر لەرێی ئەوەوە، دووبارە لە کێشەی سیما واتاییەکان (semantic componens) بکۆڵیەنەوە. بۆیە پێویستە بەر لەهەرشتێك پێناسەیەکی نیشانە کردن ،هەرچەندە کورتیش بێت، بکەین.

پالّمەر پێ ی وایە ئەگەر دوو وشە لە حالّەتی بەرامبەری دابن تەنها یەکێکیان بۆ پرسیار و قسەکردن بەکاربهێنرێ و هەموو واتاکە بگەیەنێ، ئەوا بە وشەکە دەگوترێ ((نیشانە

كراو)) ((unmarked)) و ئەوی تریان پێی دەگوترێ ((نیشانەکراو)) ((marked)) (ك٨، ل٨٠).

له زۆربەی سەرچاوەی واتا سازیەکاندا، هۆکاری نیشانە کردن بەشێوەیەکی گشتی خراوەتەڕوو، بەلاّم لاینز پیێ ی وایە کە لە نێو فەرهەنگی زماندا، سێ جۆرە نیشانە کردن لێك جیاکراونەتەوە (ك٦، ل٣٠٥).

دەتوانین بەیەکەمیان بڵێین ((نیشانەکردنی فۆرمی)) (( fomal marking)). ئەمەش لەحاڵەتێك دەردەکەوێت ئەگەر دوو وشەی بەرامبەری یەکێکیان لە ڕێگەی فۆڕمێکی دیاریکراوەوە ،نیشانە بکرێت.بۆ نموونە سەیری ووشەکانی ((معلم)) و ((خانم معلم)) بکە، ووشەی ((معلم)) لە بەرامبەر ووشەی ((خانم معلم))دا، نیشانە نەکراوە، لەبەرئەوەی کە هەم بۆ ڕەگەزی نێر و هەم بۆ ڕەگەزی مێش بە کاردێت. بەلاّم ئەم کێشەیە بۆ فۆڕمی ((آقای معلم)) دروست نیە. رستەکەش بەهۆی درك کردن بە ڕەگەزەوە لەڕێگەی ووشەی ((آقا))وە بەنیشانەکراو دەژمێردرێت.

بەم پێیە دەتوانین بلێین وشەی نیشانەکراو دابەش بوونێکی ((distobution)) فراوانتری هەیە لە بەکارهێناندا، لەچاو فۆڕمی بەرامبەرەکەیدا، دوولایەنە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەتوانین دوو ووشەی ((اسب)) و (( مادیان)) بە نموونە دەهێنینەوە. فۆڕمەکانی ((اسب نر)) و ((اسب مادە)) لە فارسیدا پەسندکراون، بەلاّم لەبەرئەوەی کە ((مادیان)) لە ڕێگەی فۆڕمەکەیەوە دەلالەت لە رەگەزی مێ دەکات ئەوا



فۆڕمی ((مادیان نر)) دوو واتای دژبەیەکی لەخۆ گرتووە و ((مادیان مادە))ش بە دووبارەکردنەوەی لە پێشدا زانراوە (تکرار معلوم)، دەژمێردرێت.

لێرەوە دەتوانین جۆرێکی تری نیشانەکردنی دابەش بوون ((marking distribution)) بخەینەڕوو. لەم جۆرە نیشانەکردنەدا. یەکێك لە فۆڕمەکانی بەرامبەری دابەشبوونێکی فراوانتری لە خۆگرتووە، بێ ئەوەی کە هۆکاری نیشانە کردنەکە بەشێوەیەکی فۆڕمی لە پاڵ نیشانە کراوەکەدا هەبێت. بۆ نموونە جووتە ووشەکانی ((پهن/ باريك)) یا ((بلند/کوتاه)) دێنینە کە لێرەدا، فۆڕمەکانی ((پهن)) و ((بلند)) نیشانە نەکراون، لەبەرئەوەی کاتێك کە لە بارەی پانی یا بەرزی شتێکەوە قسە دەکەین،سوود لە ڕستەکانی ((پهنایش چقدر است؟ ((پهنایش دوو سانت است)) یا ((بلندی اش چقدر است؟)) (بلندی اش نیم متر است)) ((وەردەگرین))، تەنانەت ئەگەر شتەکە پان یا بەرز نەبێت. دەتوانین جۆری سێیەمی نیشانەکردن بە ((نیشانە کردنی واتایی)) ((semantic marking)) بزانین و ئەمەش لە حاڵەتێکدا دەردەکەوێ کە ووشە نیشانە نەکراوەکە لە ڕووی واتاوە ئەوەندە فراوان بێت کە بتوانێ ووشە نیشانە کراوەکەش لە خۆ بگرێت. بۆ ئەم مەبەستە جووتە ووشەی ((مرغ/خروس)) دێنینەوە. ئەگەر ((مرغ)) بەرامبەرە لەگەڵ ((خروس)) و سیمای رەگەزی مێ‌ی لە خۆ گرتووە، بەلاّم فۆڕمێکی وەکو((مرغداری)) لە ڕووی ڕەگەزەوە (واتای) وشەی ((خروس))یش دەگرێتەوە. ئەم

کێشەیە بۆ جووتە ووشەی ((شاه/ملکە))ش دروستە. ڕەگەزی ((شاه)) بە بەرامبەر ((ملکە)) نێرە، بەڵام دەتوانێت لە ڕووی واتا گشتگیرتر بێت و واتای وشەی ((ملکە))ش بگرێتەوە. رستەیەکی وەکو ((شاه انگلستان زن است)) بەڵگەیەکە بۆ ئەم پڕوپاگەندەیە، لە بارێکدا ڕستەیەکی وەکو ((ملکە انگلستان مرد است)) دوو واتای دژ یەکی لە خۆدا کۆکردۆتەوە و رستەیەکی وەکو ((ملکە انگلستان زن است)) بە دووبارەکردنەوەی لە پێشدا زانراو ((تکرار معلوم)) دەژمێردرێت. بەم پێیە دەبێت لە کاتی خستنەڕووی ووشە نیشانەنەکراوەکانی ((مرغ)) یا ((شاه)) لە بەرامبەر ووشە نیشانەکراوەکانی بەرامبەریاندا لە ڕووی رەگەزەوە دوولایەنن. هەندێ وشەی تر هەن کە لە بنەرەتدا لە ڕووی ڕەگەزەوە دوولایەنن، بەڵام دووبارەبوونەوەیان لەزیهنی قسەکەردا، جۆرێك لە ڕەگەزی لە پێشدا زانراویان دروست کردووە، وشەکانی ((پرستار، منشی. مانکن، مهماندار)) لەوانەیە لە زیهنی فارسەکاندا وەکو رەگەزی مێ خۆیان بنوێنن، لە بەرامبەر ئەمانەدا وشەکانی ((بنا، نانوا، قصاب، مقنی، مدیر، رانندە)) رەگەزی نێر دەنوێنن، بە جۆرێك کە هیچ کام لەم ووشانە، سیمای واتایی رەگەزیان تێدانیە و ئەم سیمایە زیاتر بۆ دوو بارەبوونەوەی جۆری رەگەزی کارکەرەکە دەگەڕێتەوە، بە هەمان شێوە لە رستەیەکی وەکو ((در این شرکت کارمی کنند)) یەکەم جار و تەسەوڕ دەکەین کە دوو ئافرەت بە ناونیشانی سکرتێر لەم کۆمپانیایەدا کاردەکەن ئەگەر سکرتێرەکانی ئەم کۆمپانیایە



پیاوبن، ئەوا رستەیەکی وەك ((در این شرکت دو منشی کار می کنند)) بەکاردێت و ئەوەش ئەوەدەردەخات کە وشەی ((منشی)) لەوەو پێش بەڕەگەزی مێوە بەند کرابوو.

ئەوەی کە تاکو ئێستا باسمان کرد، خستنە ڕوویەکی گشتی و پوختی نیشانە کردن و جۆرەکانی بوو. ئێستا هەوڵ دەدەین پاش چاوخشاندنێکی کورت بە کێشەی سیما واتاییەکان و چۆنیەتی هۆکاری شیکردنەوەی سیما جیاکەرەوەکان (( componential analysis))، شیوەی ئەم شیکردنەوەیە و تاقیکردنەوەی دروستی و نادروستیان لە ڕێگەی نیشانەکردنەوە، بگەینە چەند ئەنجامێك.

بنەمای شیکردنەوەی سیما جیاکەرەوەکان بۆ ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە کە چەمکی هەر ووشەیەك ئەو یەکە واتاییانە لە خۆ دەگرێت گشتین و دەشێ هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە، واتای ووشەکان نیشان بکرێت (ك٦، ل٣١٧). بۆ نموونە چەمکی ووشەی ((مرد)) لە بەرامبەری ((زن))دا سیمای جیاکەرەوەی واتایی (+مرۆڤ)، (+نێر) و (+هەراش)ی هەیە و چەمکی ووشەی ((زن)) لە ڕێگەی (+مێ) یا (-نیر) بەرامبەر دەوەستێ لەگەڵ ((مرد)).

ئەم بۆچوونە بۆ یەکەم جار لەلایەن لایب نیتسەوە (ك٥،ل٤٣٧) خراوەتەڕوو، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە واتاسازیەکانەوە مۆدێلێکی بۆ ڕێگا چارە جیاوازەکان بەدەست هێنا. قوتابخانەی کۆپنهاگن لە ڕیگەی بۆچوونەکانی یەلمزلف (ك٢) و قوتابخانەی پڕاگ لە ڕێگەی یاکۆبسنەوە (ك٣) بەرگێکی زانستیان کردەبەر ئەوەی کە لایب نتس، بە شێوەیەکی

سادە خستیەڕوو، هەرچەندە کە ئەم دووانە دوو ڕێگەی جیاوازیان هەڵبژاردبوو، بەلاّم بنەمای کارەکان کۆمەلێك خاڵی هاوبەشی لە خۆگرتبوو.

یەلمزلف و یاکۆبسن پیّیان وابوو کە ئەوەی ترۆبتسکی((ك١٠) لە ژێرناونیشانی سیماجیاکەرەوەکان لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژیدا خستویەتە ڕوو،دەشیّ لە لێکۆلینەوە ڕێزمانی و واتاسازیەکاندا سوودی لیّ وەربگیریّ.

لە نێوان ئەو زمانەوانانەی کە دوای یەلمزلف و یاکۆبسن لەم گۆرەپانە هەنگاویان ناوە،دەتوانین ناوی کاتزو ڤۆدەر بێنین(ك٤، ل١٧٠-٢١٠) لێکۆلینەوەکانی ئەم دوو واتاناسە بنەمایەکی ئەوەندە ڕوون وئاشکرای لەخۆ گرتبوو کە دواتر توانی بنەمای لێکۆڵینەوە و واتاییەکان لەچوارچێوەی ڕێزمانی گواستنەوەدا بەکاردبێت (ك١). ئەم دوو واتاناسە کارەکانی خۆیان لەسەر بنەمای لێڵی، ریزپەر(شاذ)و ڕاڤە واتایەکان دانا و هەڵێنجانەکانی خۆیان لەسەر بنەمای لادانی لێلی و رستە دامەزراند. لایان وایە، واتا جیاجیاکانی وشەیەك لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە دەست نیشان دەکرێت و هەماهەنگی نێوان سیماکان لە لایەکەوەو لێل واتایی رستەکان و بەکارهێنانی، ریزپەڕی واتایی لە لایەکی ترەوە کۆتایی دێت. بۆ نموونە دەشیّ بەهۆی سیما واتاییەکانی وشەی ((شانە)) و هاوکاریکردن ((compositoring)) یا خوێندنەوەی زانیاریە واتاییەکانی سیمایەك لەگەڵ سیما هاوشێوەکەی لە



ڕستەی ((شانام را بە او قرض دادم)) دەردەکەویّ ((شانە)) لەم رستەیەدا، بە واتای ئامرازی جوانکاری پرچ بەکارهاتووە.

بە پلەی یەکەم شیکردنەوەی سیماکان بە مەبەستی خستنەڕووی پەیوەندیە لۆژیکەکانی نێوان چەمکی ووشەکان ،سودی لیّ وەربگیریّ. بۆنموونە ئەگەر بۆ ووشەی ((مرد)) سوود لە سیمای (+نێر) وەربگیرێت لە سیما واتاییەکانی وشەی ((باردار)) بە (-نێر)دابنێین، ئەوا دەتوانین فۆڕمی نادروستی ((مردبارار)) بخەینەلاوە، ئەم کارە بنەمای خستنە ڕووی ((یاساکانی پۆلین کردن)) (tionalrunles-subeatigorza) ((لە ریێزمانی ستاندەردا (ك١، ل٩٠).

وانیرایش پێیوایە، فەرهەنگی زمان پێکهاتەیەکی ناوخۆیی هەیە و بەڕەنگدانەوەی پێکهاتەی سینتاکسی کۆتایی دێت (ك١٣). ئەوەی کە ئەو خستویەتیەڕوو بە بنەمای واتاناسانی بەرهەمهێنان ((semantists generative)) دادەنریّ. ئەم کۆمەڵە زمانەوانە لە کۆتایی سالآنی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی ئەم سەدەیە، سیما واتاییەکانی کار، هەولّیان داوەکە لەوئاستانەی کە لە ڕێزمانی ستاندەرد خراوەتە ڕوو، زیاتر ڕۆبچن. لەوانە میك کاول(ك٧) و راس (ك، ل٢٢٢-٢٧٢) زیاتر لە واتاناسەکانی تری بەرهەم هێنان هەولّیان داوە بەشێوەیەکی چڕتر شیکردنەوەی واتایی لە بواری کاردا بخەنە ڕوو.

هەر لە سەرەتای خستنەر ڕووی شیکردنەوەی سیماکاندا، لەپاڵ یارانی پرۆسەیەکی ڕوون و ئاشکرای لەم جۆرەی لێکۆڵینەوە

واتاسازیەکاندا، نەیارانیش بەرچاو دەکەون. لە کاتێکدا پاڵمەر لایەنگری خستنەڕووی خودی سیما واتاییەکانەو بوونی سیماکانی ((نێر)) و ((مێ)) وەکو سیما واتاییەکان پەسەند دەکات، بەڵام شێوەی خستنە ڕووەکەی رەت دەکاتەوە، دابەشکردنی هەموو لێکسمەکانی زمان بەسەر ئەو سیما واتاییانەدا کە لەپێشدا دەستنیشانکراون، رەت دەکاتەوە (ك٨، ل٨١).

لاینز لە کاتی خستنەڕووی سیماواتاییەکان و شیوەی شیکردنەوەی سیماکان. کاتز و بە ناواقعی دەزانێت، بە هەمان شێوەش، هۆکاری نیشانەکردن وەکو یەکێك لە هۆکارە رووشێنەرەکانی شیکردنەوەی سیماکان دەخاتەڕوو. لەگەڵ هەموو ئەم وەسفانەشیدا، شیکردنەوەی سیماکان ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا بوون کە وای کرد جارێکی تر لە بنەما تیۆریەکەی حوکم کردن و گواستنەوە ((and binding govermantent))ی چۆمسکیدا بەکاردێتەوە و بەشێوەیەکی نوێ بنەمای لێکۆڵینەوەکانی تیورە نوێکەی چۆمسکی پێك دێنێت و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکو ئێستا لە شیکرنەوەی سیماکان، لە چوارچێوەی دەربرینە واتاییەکانی زماندا زانستی تر و ڕوونتر، نەخراوەتە ڕوو.

بەڵام ئایا شیکردنەوەی سیماکان لە واقیعدا بارودۆخی زانستی روون و ئاشکرای لەخۆدەگرێ؟ و ئەوەی لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆژیماندا وەکو ئامرازی شیکردنەوەی زانستی خراوەتەڕوو، دەتوانرێ بگشتێنرێ و خزمەتی لێکۆڵینەوە واتاییەکانی زمان بکات؟



هەموو ئەو کێشانەی کە دێتە ریی زۆربەی هەرە زۆری واتاناسەکان لەکاتی شیکردنەوەی سیماکان یا بەشێکی شیکردنەوەکە، لەم ووتارەکورتە دووبارە نابێتەوە (ك٦,٨)، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەین لە ڕێگەی هۆکارەکانی نیشانە کردنەوە، کە بە سیمای گشتی دەژمێردرێت، واقعیانە ئەم شێوەیەی شیکردنەوە بەکار بێنین.

باسەکەمان لە سنوری خستنە ڕووی دوو سیمای گشتی ((نێر)) و ((مێ)) (ك٨،ل٨١) دەخولێتەوە. لە یەکەم بینین دا وادێتە بەرچاو کە ئەم دوو سیمایە لە حاڵەتی بەرامبەری تەواوکەرانە ((complementery opposistion))دابن، بەو واتایەیەی کە دەرکەوتنی یەکێکیان، دەرنەکەتنی ئەوی تریان دەسەلمێنی. ئەگەر بوونەوەرێك نێر بێت، بێ گومان ناتوانێ مێ بێت و بە پێچەوانەوەش. بەم پێیە:

(-مێ)=(+نێر)

(+مێ)=(-نێر)

ئێستا کێشەی هەڵبژاردنی یەکێك لەم دوو سیمایە دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی کە بتوانێت بە یارمەتی دوو نیشانەی((+)) و ((-))ەوە هەردوو سیماکە بگرێتەوە. ئەگەری هەڵبژاردن بۆ هەریەکە لە (+نێر) یا (+مێ) وەکو یەکە، هەرچەندە لاینز پێی وایە، هەڵبژاردنی هەریەك لەم سیما یانە وەکو سیمایەکی زاڵ، لە ڕێگەی هۆکاری نیشانەکردنەوە چەند کێشەیەك دەنێتەوە (ك٦، ل٣٢٢). بە بۆچوونی لاینز لە نێوان ئەو جووتە وشانەی کە نێرەکەیان نیشانە

نەکراوە، دەبێت سوود لە سیما (+نێر) وەربگرین و لە هەموو شێوەکانی تردا سیمای ((مێ)) بەکاربێت. بەم پێیە دەشێ ئەوە باشتربێت کە لە جووتە وشەی ((شاە/ملکە))دا، ((شاە)) کە نیشانە نەکراوە بە سیمای (+نێر) دەستنیشان بکەین و ((ملکە)) بە سیمای (-نێر). لە جووتە وشەی ((مرغ/خروس))دا ئەمە پێچەوانەوە دەبێتەوە، دەبێت ((مرغ)) بە سیمای (+مێ) و(خروس)) بە سیمای(-مێ) دەست نیشان بکەین.

لەم وتارەدا، ئێمە تەنانەت چاومان لەوەش پۆشیوە و وامان داناوە کە یەکێك لەم دوو سیمایە هەڵبژێرین، هەندێ جار (نێر) و هەندێ جار (مێ). بە هەڵبژاردنی سیمای (نێر) وەکو سیمایەکی زاڵ، ((شاە)) و ((خروس)) دەبن بە (+نێر) و (ملکە) و (مرغ) (-نێر). کاتێك کەسیمای ووشەیەکی وەکو ((بچە)) (±نێر) بێت، ئەوا بەگوێرەوە ((پسر)) (+نێر) و((دختر)) (-نێر) بە نیشانەکراو دەژمێرێت. بەهەمان شێوە ڕستەکانی ((بچە او پسر است یا دختر؟)) ((بچەء او پسرات)) و ((بچەء او دختراست)) پەسەند کراون، بەڵام ڕستەیەکی وەکو ((پسر اوپسر است)) یا ((دختر او پسر است))، بێ لەبەر چاو گرتنی سێبەری واتایی (واتای ناوەوە)یان، لە حاڵەتی دژ واتایی دان و پەسەند ناکرێن.

هەروەکو کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کاتێك کە دەڵێن رستەی ((شاە انگلستان زن است)) پەسەند نەکراوە، نیشانەی ئەوەیە کەدەتوانین ((شاە)) لەبەرامبەر ((ملکە))دا بە شێوەی نیشانەکراو بەکاربێنین و سیمای (+نێر) لە خۆبگرێت. ((مرغ)) لە



ڕستەی ((او در این مرغداری کار میکند))دا، ووشەی ((مرغ)) و ((خروس))یش دەگرێتەوە کەواتە دەبێ بڵێین ((مرغ)) دەتوانێت سیمای (+نێر)، (-نێر) یش لە خۆ بگرێت. بەڵام لای هەموو فارسێك ئاشکرایە کە جیاوازی هەیە لە نێوان سیمای (+نێر) بۆ ((شاە)) و (-نێر) بۆ ((مرغ)) ووشەی ((شاە)) زیاتر دەشێ نێر بێت وەك ئەوەی کە مێ بێ وشەی((مرغ)) بە پێچەوانەوە .ئەمەش ناشێ لە ڕێگەی ((+)) یا ((-))ەوە بخرێتە ڕوو. لە نێوان ئەم دوو نیشانەیە دا سنورێکی تەواو جیاکەرەوە هەیە.کەچی کێشەی ئەوەی کە زیاتر دەشێ نێر بێت لەوەی کە مێ بێ بەم جۆرە نیە.

ئێستا نموونەیەکی تر دەهێنینەوە. دەشێ هەر چوار ووشەی ((مرد))، ((زن))، ((پسر)) و ((دختر)) بە یارمەتی دووسیمای (+نێر) و (+هەراش)ەوە لەیەکتر جیابکەینەوە.

| مرد | زن | پسر | دختر |
| --- | --- | --- | --- |
| +نێر | -نێر | +نێر | -نێر |
| +هەراش | +هەراش | - هەراش | - هەراش |

لە پێکهاتەکانی ((دستشویی مردانە)) یا ((آرایشگاە زنانە))دا، ((مرد)) لە بەرامبەر ((پسر))دا نیشانە نەکراوەو ((زن))یش بە هەمان شێوە لە بەرامبەر((دختر))دا نیشانە نەکراوە. ئەم نیشانە نەکراوییە دەگەڕێتەوە بۆ دوولایەن بوونی بەرامبەرەکەی و بەلادانی سیمای واتایی ((هەراش)) دێتە کایەوە. کەواتە دەتوانین

هەردوو ئەگەری {+نێر} {+هەراش} یا تەنها {+نێر} بۆ نیشانە نەکراوی ((مرد)) بخەینەڕوو. ئەم کێشەیە بۆ فۆڕمی نیشانە نەکراوی ((زن))یش هەر ڕاستەو دەتوانرێ بە شێوەی {-نێر} {+هەراش} یا تەنها {-نێر} بەکاربێت، هەر چەندە کە جیاوازیەکی ورد هەیە لە نێوان دەرکەوتنی {+هەراش} و لادانی سیمای ((هەراش))دا بەڵام دەشێ لەیەکەم بینیدا وا دەرکەوێ کەدەرکەوتنی سیمای {+هەراش} نیشانەی ئەوە بێ کە وشەکە لە کاتی دەرکەوتنی دا وەکو نیشانەکراو لە ڕێگەی ئەو سیمایەوە کە لەبەرامبەر ووشەی تردا دادەنرێ.

ئێستا فۆڕمی ((دستشویی مردانە)) لەگەڵ ((مهمانی مردانە))دا بەراورد دەکەین. لە((مهمانی مردانە)دا، سیمای (+هەراش) دەدرێتە پاڵ وشەی ((مردانە)). کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خودی وشەی ((مردانە)) پەیوەندی نییە بە هەڵبژاردنی سیمای {+هەراش} یا {-هەراش}ەوە، بەڵکو ووشە یا ڕستەکەی تەنیشتی، دەرکەوتنی ئەم جۆرە سیمایە دەسەپێنێ. بەڵام ئایا دەتوانین بۆ ووشەی ((دستشویی) یا ((مهمانی)) سیمایەك بخەینە ڕوو کە بتوانێ دەست بخاتە نێو ئەم کێشەیەوە؟ بە دڵنیایەوە وەڵامەکەی نەرێ دەبێت، بەڵام ڕێگاچارەیەك بەرچاو دەکەوێت ئەویش ئەمەیە: هەموو رشتە دیارخراوەکان بۆ نمونە ((دستشویی مردانە)) لە بەرامبەر سیمای ((هەراش))دا، دوولایەنە .



لە بارودۆخێکدا ئەم ڕێگا چارەیە دەبێتە کارەکی ((عملی)) کەوا ڕێزمان پێشبینی ڕێزبوونە واتاییەکەی فەرهەنگ ((لێکسیم)) بکات و ڕێزبوونی سیما واتاییەکانی هەر وشەیەك لە گەڵ وشەکانی تردا، لە پێشدا دیارکرابن. ئەم بۆ چوونەش وەکو تاکە ڕێگاچارەیەك پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئەمڕۆ بەبەرهەم هێناندا دادەنرێت لە زمانداو جگە لەمەش ئەگەر ڕێزمان، لەپێشدا، ڕێزبوونی واتای فەرهەنگی دەستنیشان کردبێت واتا ئەوەی دیاری کردبێ کەکامیان پەسەندن و کامیان پەسەند نین، ئەوا لە لایەنی وەسفی دەردەچێت و دەبێتە ناوەسفی.

دەبێت دان بەوەشدا بنێین کە هۆکاری نیشانەکردن، کێشەیەکی گشتییەوە لێکۆڵینەوە لەمبارەیەوە دەبێت لە چوارچێوەی ڕێزمانێکدا ئەنجام بدرێ کە تەواو ئاراستەکەرانە (روونکەرەوە) بێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هۆکاری نیشانەکردن. کێشەی شیکردنەوەی سیماکان یا ئەو بۆچوونانەی کە وەك ئەون ڕەتدەکرێتەوە.

## سەرچاوەکان


1. Comsky, NA\, Aspects of The Theory of.combridge, mass; MIT. press 1965

2. hjelmstev; L. prolegomena to a theory of language, Bloomington, Ind,: Indiana University, 1953.

3. Jakobson; R selected writings, vol.: word and language, the Hague: Mouton, 1971.

4. Katz, J, J & fodor, j,A "the strutur of a semantic theory" ".language 39. 170-210. 1963.

5. Leibiniz; G.W.Vol "table de Defintitions". in lous couturat (ed). opusules et fragments Inedits de Leibniz, paris, 1903.

6. Lyons; J. semantic ,vol .1, Cambridge: Cambridge University press,1977.

7. mcCawly; J. "prelexical syntax". in R. J. O` Brien (ed.). report of the Twenty second Annual Round table meeting on Linguistics and language studies.washington: D.C Georgtown Universty, 1971.





8. Palmer; F. R. semantic; A new outline, cimbridge Uneversty press, 1976.

9. Ross; J. R "on Declarative sentences" in Readings in English transformational Gramer, Roderick Jacobs & peter Rosenbaum(ed). waltham , Mass,: Ginn, 1970.

10.Trubezkoy; N;S "Grundzuge der phnologie". cercle Linguistique de Prague, 1939.

11.Vachek;J, (ed.). A Prague school reader in Linguistics Bloomainton, Indiana: Indiana Universty press, 1964.

12. _The Linguistic school of Prague. Bloomainton, Indiana: Indiana Universty press, 1966.

13.Weinreich;U. "Explorations in semantic theory". in T.Asebok (ed.). current trends in Linguistics,vol 3 The Hague: Mouton 1966.

# ئاورێکی تازە لە کێشەی فرە واتایی فەرهەنگی

مەبەست لە نوسینی ئەم وتارە، خستنە رووی چۆنیەتی پەیدابوونی ((فرە واتایی))یە لە ئاستی فەرهەنگ ((ڤۆکابولەری))ی زماندا، بۆ بەدەست هێنانی ئەم مەبەستە، سەرەتا دەبێ ئەوە دەست نیشان بکرێ کە مەبەست لە ((فرە واتایی)) چییە و دەشێ ئەم تایبەتمەندیە لە کام ئاستی زمان لێی بکۆڵرێتەوە، دواتریش دەبێ بێینە سەر میتۆدی لێکۆڵینەوەی فرە واتایی، بەو شێوەیەی کەتاکو ئێستا باو بووەو لە کۆتایدا ئەوەش دەستنیشان بکرێت کە چۆن دەتوانی بایـــەخ بەم کێشەیە بدەین نەك لە گۆشە نیگایەکی نوێ بەڵکو بەڵگەنەویست و هەربۆیە لەیاد کراو.

## ١. پێشەکی

فرە واتایی ((polosemy) لە ڕیزی ئەو کێشانەیە کە بە گوێرەی میتۆدی لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان دەشێ وەکو بابەتێك لەبەشی واتایی ڕێزمان لە لێکۆڵینەوە واتاسازیەکاندا بخرێتەروو. بەپێ هەمان میتۆد، فرەواتایی هەلومەرجێکە کە تیایدا کەرەسەیەکی زمانی چەند واتا یەکی زمانی لەخۆ دەگرێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەتوانین فرە واتایی لە ئاستی مۆڕفیم، فرێز



و ڕستەدا شی بکەینەوە، هەرچەندە کە بەپێی ئەو میتۆدە باوە باسەکە لە بارەی چەند واتایی دا لە چوارچێوەی  ئاستی فەرهەنگی زماندا ماوەتەوەو لانیکەم بە پیَ‌ی زانیاری نووسەر، جیا لە لێکۆلینەوەی سەرەتایی لەم بوارەدا (ك ١٢). تا ئێستا بە شێوەیەکی وورد بایەخ بە کێشەی فرە واتایی نەدراوە لە ئاستەکانی تردا.

لێرەدا چەند نمونەیەك لەچەند واتایی دەهێنینەوە لە ئاستی مۆڕفیم، فرێزو ڕستە تا ئەوە دەربخەن کە ئەم هەلومەرجە تەنها ئاستی وشەکانی زمان ناگرێتەوە. بەلاّم لەبەر ئەوەی لێرەدا ئەم باسە پەیوەستە بە کێشەی فرە واتایی فەرهەنگی یەوە، ئەم دیدانەوە وەلادەنێین و هەمان چوارچێوە کۆنەکە لە بەر چاو دەگرین.

## ١-١ فرە واتایی لە ئاستی مۆڕفیم

بە گشتی مۆڕفیم  (morpheme) بە بچوکترین دانەی واتادار یا خاوەن ئەرکی زمان پێناسە دەکرێت کە لە زنجیرەی ئاستی دانە ڕێزمانیەکان، لە پێکهاتەی وشەدا بەکاردێ (ك١٥، ل٢١). هەروەکو باوە،مۆڕفیمەکان بۆ دوو گروپی ڕێزمانی و فەرهەنگی دابەش دەبن و هەریەکە لەم دووانەش دەشێ بۆ دوو گروپی سەربەخۆو بەند دابەش بکرێن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەتوانین لە نێوان جۆرەکانی مۆڕفیمدا پەی بە کێشەی فرە واتایی ببەین .بۆ نمونە پاشگری (-ار) لە فارسی دا لەکاتی چوونە پاڵ کەرەسە جیاجیاکاندا دەتوانێت ئەرکی جیاجیا، یا بە دەربڕینێکی

وردتر، واتای جیاواز لەخۆ بگرێت، دەتوانین ئەم واتا جیاجیایانە لە ووشەکانی ((خریدار))، ((گرفتار))، و ((دیدار))دا بدۆزینەوە و بۆ نمونە بانگەشەی ئەوە بکەین کە ((-ار)) دەتوانێت واتای بکەری، بەرکاری و چاوگی لە خۆ بگرێت. پاشگری ((-ی))یش لە فارسیدا بە پێی نمونەکانی ((خواندنی))، ((تهرانی))، ((کودکی))، ((جنگی))، ((فراجی))، ((شطرنجی))، ((طفلی))، ((کراواتی))، ((عکاسی))، ((چلوکبابی))،دا، واتای جیاجیا لەخۆ بگرێ و ببێتە هۆی ئەوەی کە پسپۆر لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم پاشگرەوە، بە ناچاری ئاماژە بە بەکارهێنانە جیاجیاکانی بکات. یا پاشگرێکی وەکو ((ك))یش بەهۆی بوونی ئەم نمونانە: ((عروسك)) ((پشتك))، ((گروهك))، ((طفلك)) و...، هەلومەرجێکی لەم جۆرە لە خۆ دەگرێ.

بۆ مۆڕفیمە فەرهەنگیەکانیش کێشەکە هەروایە. بۆ نموونە مۆڕفیمی ((باز)) لە نمونەکانی ((سرباز))، ((کفترباز))، یا ((سر)) لە ((سرپاسبان))، ((سرمد)) و ((سرشیر))، نیشانەی ئەوەیە کە دەشێ کێشەی چەند واتایی لە ئاستی مۆڕفیمە فەرهەنگیەکانیشدا بخرێتە ڕوو.

### ۱-۲ فرە واتایی لە ئاستی فرێزدا

دەتوانین نمونەکانی ((۱)) تا ((٥)) بهێنینەوە بۆ خستنەڕووی کێشەی چەند واتایی لە ئاستی فرێزدا.

۱.پایەء میز خراگی شده



۲.پیراهن راه راه آبی

۳.بند کیف چرمی

٤.کتاب و دفتر کهنه

٥.خانم دکتر محمدی

زمانەوانان بە گوێرەی لێکوڵینەوە کۆنەکان فریزەکانی (۱) تا(٥) بە لێڵ واتایی فرێزی دادەنێن . بە دڵنیایی یەوە لێڵ واتایی ئەم کۆمەڵە فرێزە بە هۆی فرەواتایی فرێزە کانەوەیە .

### ۱-۳ فرە واتایی لە ئاستی ڕستەدا

دەتوانین نمونەکانی (٦) تا (۹) بۆ خستنەڕووی چەند واتایی لە ئاستی ڕستەدا بێنینەوە.

٦.او تو را بیشتر از من دوست دارد.

۷.او مثل ما درسخوان نیست .

۸.چرا نگفتی میخواهم بروم؟

۹.مهمانی خستەاش کرد.

ڕستەکانی (٦) تا (۹) بەپێی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، لە حالەتی لێڵ واتایی ڕۆنانی دان و ئەم لێڵ واتایی یەش لە فرە واتایی ئەم جۆرە ڕستانەوە سەرچاوە دەگرن.

لەم وتارەدا، باس لەو کۆمەڵە فرە واتاییانە ناکرێ، چونکە لەهەموو ئەو کەرەستانەدا کەباسیان لێوە کرا لە نمونەکانی (۱) تا (۹)دا واتا چەند واتایی لە ئاستی فرێز و ڕستەدا، کێشەی چەند واتایی پەیوەستە بە جۆری بەیەکەوە هاتنی کەرەسە

زمانیەکان و هیچ کام لەم کەرەسانە بە تەنیا ناچنە نێو چەند واتایی فریز یا ڕستەوە. لەوانەیە بتوانین بۆ ئەم دەستە فرە واتاییانە سوود لە زاراوەی (چەند واتایی تەکنشینی) وەبگرین، تا لەم ڕێگەیەوە، لە ((فرە واتایی جێ نشینی)) یا ئەوەی کە فرە واتایی فەرهەنگی پێ دەگوترێ جیای بکەینەوەو تایبەتی بکەین بەم جۆرە.

### ٢. پێداچوونەوەیەك بە پێشینەی لێکۆڵینەوەکان

لەم بەشەدا ئاماژە بە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانی لێکۆڵەرە ئێرانی و نا ئێرانی یەکان دەکەین لە بواری فرە واتایی فەرهەنگی‌دا تا دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە سنوری ئەم لێکۆڵینەوانە تا کوێ بووە و بایەخ بەکام لایەن دراوە لەم بوارەدا.

کێشەی فرە واتایی لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانە ئەو ڕوپیەکاندا بە دوو جۆر لێی کۆڵراوەتەوە. گروپێکی ئەم زمانەوانانە تەنها بەپێناسە کردن یان ناساندنی فرە واتایی و هێنانەوەی چەند نمونەیەك لەم بوارەدا وازیان هێناوەو گروپەکەی تر جگە لە پێناسەی فرە واتایی، ئەو هۆکارانەشیان دەست نیشان کردووە کە کاردەکەنە سەر هاتنەکایەوەی ئەم تایبەتمەندیە واتاییە.

ئۆڵمان لە دوو گۆشە نیگای ئێستایی و مێژوو یەوە لە کێشەی فرە واتایی کۆڵیوەتەوە. بە بڕوای ئەو فۆڕمێکی زمانی دەتوانیت لەکاتێکی دیاری کراودا چەند واتا لە خۆ بگرێ و یا لە



ئەنجامی تێپەر بوونی کاتەوە واتای جیاجیای هەبێ (-ك١،ل١٥٩).

دەتوانین ووشەی ((روشن)) وەکو نموونەی چەند واتایی ئێستایی لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا بێنینەوە و بۆ فرە واتایی مێژووی سود لە وشەیەکی وەکو ((شوخ)) وەربگرین.

دواتر خۆی بە هۆیەکانی هاتنەکایەوەی فرە واتایی و پۆلینکردنی ئەم هۆیانەوە خەریك دەکات و ئاماژە بە ((گواستنەوە لە بەکارهێناندا))، ((بەکارهێنانی تایبەت))، ((ڕەوانبێژی)) و ((کاریگەری زمانی بێگانە)) دەکات. ((گواستنەوە لە بەکارهێناندا)) بە بۆچوونی ئۆڵمان لە بنچینەدا جۆرێکە لە فراوان بوونی واتایی کە بە گشتی لە ئاوەڵناوەکاندا دەردەکەوێ. فۆڕمێکی زمانی بە هۆی تەکنشینی لەگەڵ فۆڕمەکانی تردا، واتای جیاجیای دەبێت کە لەسەرەتادا بە تەواوی پەیوەستە بە فۆڕمە تەکنشینەکان و دواتر لای خەڵك بەواتای جیاجیای ئەو وشەیە دەژمێردرێت. لەم بوارەدا دەتوانین لە زمانی فارسیدا وشەیەکی وەکو ((سفید))بە نمونە بێنینەوە کە لە ((سفید پوست)) یا ((سفید بخت))دا بە واتایەکی تری جیاواز لە واتا بنەرەتیەکەی ((سفید)) بەکارهاتووە. ((بەکارهێنانی تایبەت)) بەبۆچونی ئۆڵمان، بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك لە کاروبار و پیشە جیاجیاکاندا هەربۆیە دەتوانێت بە فرە واتایی ئەم وشەیە کۆتایی بێت. بۆنمونە دەتوانین ووشەی ((گوشی)) لەبەرچاو بگرین کە لە ماڵەوە پەیوەستە بە ((تەلەفۆن))ەوە و لە

نێوان پزیشکەکاندا وێنە ((مصداق))یەکی تری هەیە، یا ((عملیات)) کە لە بانك و جەنگدا واتای جیاجیای هەیە. مەبەستی ئۆلمان لەفرە واتایی لە ڕێگەی ((ڕەوانبێژی))دا، هەمان بەکارهێنانی خواستن و خوازەی ووشەکانە کە بەرە بەرە دەتوانێت بە فرەواتایی وشەکە کۆتایی بێت. ((کاریگەری زمانی بێگانە))یش، لە ڕیزی ئەم هۆیانەیە کە بە بۆچونی ئۆلمان دەتوانێت کاربکاتە سەر واتای ووشەیەك و بە فرەواتایی کۆتایی بێت. لەم بوارەدا دەتوانین وشەی ((فراز)) لەبەر چاو بگرین کە جگە لە واتای ((بەرزی))، لەژێر کاریگەری وشەی (phrase)ی فەرەنسی، بەواتای ((ڕستەیەکی گرنگ و پڕ واتا))ش بەکاربێت.

لێکۆڵینەوەکەی ئۆلمان لە بواری فرە واتاییدا کە لە خستنە رووی کێشەکاندا پەرش و بلاوی پێوە دەبینرێ، بەلام یەکێکە لەووردترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کەتاکو ئێستا لە بواری فرە واتایی ئەنجام دراوە.

پالمەر ووشەی فرە واتا بەووشەیەك دەزانیت کە خۆی لەخۆیدا چەند واتاییەکی هەیە ((ك٨،ل١١٥)). وشەی ((filight)) وەکو نموونەیەکی زمانی ئینگلیزی دەخاتە ڕوو کە لە فەرهەنگەکاندا، لەژێر یەك ناونیشان، بەواتای ((ڕۆیشتن لە ڕێگەی هەواوە))، ((توانای فڕین)). ((گەشتی ئاسمانی))، ((یەکەی هێزی ئاسمانی))، ((تەقە)). ((لادان)) و ((پلەکانی قالدرمە)) هاتووە.

پالمەر ئاماژە بەچەند گرفتێك دەکات لە لێکۆڵینەوەی کێشەی چەند واتاییدا (ك٨، ل١١٥). یەکەمیان ئەوەیە کە



بەگشتی ووشەکان ئاماژە بە وێنە ((مصداق))ی جیاجیا دەکەن و هەر ئەمەشە کەدەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانین بە شێوەیەکی بڕای بڕ فرەواتایی دەست نیشان بکەین. بۆ نموونە دەتوانین ((خوردن)) لە زمانی فارسیدا بە نموونە بێنینەوە کە لە فراوانترین واتای بەکارهێنانیدا ئاماژە بە کاری جیاواز دەکات. بۆ ئەم بابەتە سوود لە نمونەکانی (١٠) تا (١٣) وەردەگرین.

١٠.هوا خورد.
١١.آب خورد.
١٢.گوشت خورد.
١٣. آدامس خورد.

بەپێی نموونەکانی ژمارە (١٠) تا (١٣)، واتاناس هەمیشە ڕووبەڕووی ئەم دوودڵیە دەبێتەوە کە ئایا دەشێ ((هەوا هەلمژین))، ((خواردنەوە)) و ((جوین))یش وەکو واتاکانی ((خواردنەوە)) لەبەر چاو بگرین یان نا.

دووەمین گرفت کە پالمەر دەیخاتە ڕوو، بەکارهێنانی خواستنی ووشەکانە ئەم گرفتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە واتاناس بۆ دەستنیشان کردنی واتای وشەیەك ڕووبەڕووی دوو دلی ببێتەوە.بۆ نموونە ئایا لە کاتی پۆلێن کردنی وشەکان لە دەروازە فەرهەنگییەکانی زماندا، دەشێ یەکێك لە واتاکانی ((نرگس))، ((پنجرە))، ((روزنە))..هتد بە ((چاو)) بزانین یا نا؟

گرفتی سێیەم ،جیاوازی لە نێوان فرە واتایی و لێکچوون یا هاودەنگ- یا هاونووس ((homonemy))دایە. بەدەربڕینێکی

سادەتر، ئایا دەشێ بۆ وشەیەکی وەکو ((شانە))یەك دەروازە لەبەر چاو بگرین و واتا جیاجیاکانی لە ژێر هەمان دەروازەدا دابنێین، یان دەبێ((شانە)) بە گوێرە واتا جیاجیاکانی ((شان))، ((ئامێری جوانکاری قژ)) و ((شوێنی هێلکە)) لە ژێر سێ دەروازەی جیاوازدا ببینینەوە. بەشی سێ یەمی ئەم کورتە وتارە تایبەت کراوە بە لێکۆڵینەوەی ئەم بوارە.

لاینز ووشەی فرە واتا بە ((وشەیەك کە چەند واتای جیاوازی هەیە)) پێناسە دەکات و زیاتر بایەخ بە کێشەی جیاوازی نێوان فرەواتایی و هاودەنگ- هاونووس دەدات ((ك٧،ل٥٥١-٥٥٢)).

کریستاڵ ((ك١٤، ل٢٨)) ((فرە واتایی)) بۆ ئەو وشانە بەکاردەهێنێت کە ((خاوەن مەودایێکی واتایی جیاوازبن)). ئەویش جیاوازی نێوان فرە واتایی، هاودەنگ- هاونووسی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام تەنها ئاماژەی بە میتۆدە کۆنەکەی دەستنیشان کردنی ئەم دووانە کردووە کە لە بەشی سێیەمدا لێی دەدوێین.

هارفۆردو هیسلی (ك٤، ل١٣٥)یش تەنها بە پێناسەکردنی چەند واتایی وازیان هێناوەو پێیان وایە کە ((دیاردەی فرە واتایی)) لە هەلومەرجێکدا دەخرێتە ڕوو کە وشەیەك چەند واتایەکی پەیوەست بە یەکی زۆر لێك نزیکی هەبێت.

کرۆز (ك٣، ل٩٧)یش هەروەك هارفۆردو هیسلی بە شێوەیەکی سادە بەسەر کێشەی فرە واتاییدا تێپەڕیوەو وای بۆ دەچێ، ((وشەیەك کە چەند واتایەکی لەخۆ گرتووە، لە چوار چێوەی فرە واتایی دەخرێتە روو)).



ئالن ((ك١، ل١٤٧)) فرەواتایی بە ((تایبەتمەندی وشەیەك کە زیاتر لەواتایەکی هەیە)) دەزانێت و جگە لەمەش ئاماژە بە جیاوازی نێوان فرە واتایی و هاودەنگ- هاونووسیش دەکات، بەڵام تەنها بە خستنە ڕووی میتۆدە کۆنەکەی دەستنیشان کردنی ئەم دوو دیاردەیە واز دەهێنێ و هەر چەندە جەختیش لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە کەئەم میتۆدە ناتوانێت ببێتە ڕێگا چارە.

سەعید (ك٩، ل٦٤) سەرەتا بە کورتی کێشەی هاودەنگ- هاونوس دەخاتە ڕوو و پاشان پێناسەی فرەواتایی دەکات. بە بڕوای ئەویش فرەواتایی بەپێ ئەو پەیوەندیە واتایی یەی کە لە نێوان واتاکانی وشەیێکدا هەیە، دەشێ دەستنیشان بکرێ.

لە نووسینی زمانەوانە ئێرانیەکانیشدا کە لە پانتایی واتاسازیدا بایەخیان بەو لێکۆڵینەوەیە داوە، قسەیەکیان نییە جگە لەوەی کە ئەوروپییەکان خستویانەتەڕوو.

باطنی (ك١١، ل١٩٦) بە نموونەگیری لە بۆچونەکانی ئۆلمان (ك١٠) کێشەی فرەواتایی خستۆتەڕوو. بەبۆچونی ئەو، لەفرە واتاییدا، وشە پەیوەندی بەچەند وێنەیەکی هۆشەکیەوە هەیە و لە نێوان ئەم وێنە هۆشەکیانەشدا پەیوەندی یەکی دووسەرە هەیە. ئەو بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی کە بوونی فرەواتایی بە کەم و کوڕی زمان دەزانن، پێی وایە کە دیاردەی فرە واتایی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بواری زماندا (ك١١، ل٢٠٣). دواتر دوو هۆی گرنگ دەخاتە ڕوو لەبارەی هاتنەکایەوەی فرە واتایی و وای بۆ دەچێ کە گرنگترین هۆ، بەکارهێنای ووشەیە بەچەند چەمکێکی نزیك لەیەك

و لەو کاتەدا دێتە کایەوە کە وێنە هوشەکییەکە پەیوەست نەبێ بە فۆڕمی ووشەیەکی ڕاستەوخۆ و روون، بەڵکو پانتاییەکی لێڵە کە لە هەر بەکارهێنانێکی‌دا گۆشەیەکی بەرجەستە دەبێ و دەردەکەوێ. ((ك١١،ل٢٥٢) باطنی بەکارهێنانی تایبەتی ووشە بە هۆیەکی تری هاتنە کایەوەی فرەواتایی دەزانیت. ئەویش وەکو ئۆلمان پێی وایە کە زۆربەی ووشەکان جگە لە واتا گشتیەکەی خۆیان، لە پیشە جیاجیاکاندا، واتای تایبەتی دەبێ و بەرەبەرە بە فرەواتایی وشەکە کۆتایی دێت. نووسەری ئەم باسەش لە وتارێکدا (ك١٣) بە نموونە گیری لە بۆچوونەکانی لاینز (ك٧) بایەخی بە کێشەی فرە واتایی داوە. ئەو وتارە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە فرەواتایی لە وەرگێراندا نوسراوەو وا دێتە بەرچاو کە یەکەمین جار بێ ئاماژە بەم لایەنە بدرێت کە فرەواتایی تەنها تایبەت نیە بە وشەو لێڵ واتایی لە ئاستی فریز و ڕستەشدا بەرهەمی فرە واتایی بێ.

رەخشانفەر (ك١٢ول١٤) بێ ئەوەی کە پێناسەیەکی دیاری کراو بخاتەڕوو بۆ فرەواتایی، لە وتارەکەی خۆیدا لە هۆیەکانی پەیدابوونی فرە واتایی کۆڵیوەتەوە. بەبڕوای ئەو، ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کەپەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا لەخۆوەیە، ئەوا دەگەینە ئەو باوەڕەی کەهەر ووشەیەك لەسەرەتادا ئاماژەی بەیەك چەمك کردووە و بەڵگەنەویستەکە هەر وشەیەکیش کە ئەمڕۆ چەند واتاییێکی هەیە، ڕۆژێك لە ڕۆژان تەنها یەك واتای هەبووە و دواتر ئەم واتایە فراوان بووە و بۆ چەند واتایەك گۆڕاوە.



ڕێکوپێکترین لێکۆڵینەوە لەبواری فرە واتایی کە لەلایەن زمانەوانە ئێرانیەکانەوە کە تاکو ئێستا ئەنجام درابێت، کارەکەی قەنبەرییە (ك١٤) ئەو لە ئاستە جیاجیاکانی زماندا لە فرەواتایی کۆڵیوەتەوە و ئەوەشی سەلماندووە کە دەشێ ئەم دیاردەیە لە ئاستی مۆڕفیم و فرێز و ڕستەکانی زمانیشدا بخرێتە ڕوو. قەنبەری بۆ جیاکردنەوەی فرە واتایی لە هاودەنگ-هاونووس، میتۆدەکانی واتاناسان ڕەتدەکاتەوە و بۆ یەکەمین جار، بەشداریکردنی سیما جیاکەرەوە واتاییەکان بە ڕێگای دەست نیشانکردنی فرە واتایی دادەنێ. بە بۆچوونی ئەو وشەیەکی وەکو ((توپ)) چەند واتایی لە خۆ دەگرێ لەبەر ئەوەی کە لە هەموو واتاکانی ئەم وشەیەدا دەشێ سیمای جیاکەرەوەی واتایی {+خر} بخرێتە ڕوو، لە کاتێکدا کە لە واتاکانی ((شانە))دا سیمای جیاکەرەوە واتاییە هاوبەشەکان وێناناکرێ و هەر بۆیە ئێمە پەیوەندیمان بە چەند وشەیەکی هاودەنگ- هاونووسی ((شانە))وە هەیە (ك١٤، ل٩٨-١٠٤).

بەڵام ئایا بەشێوەیەکی واقعی هۆی پەیدابوون فرە واتایی چیە؟ ئەوەی کە تاکو ئێستا لەم بارەیەوە خراوەتە ڕوو، هەرچەندە کە پەیوەندی بەو هەلومەرجەوە هەیە، بەڵام بە تەنها دەستنیشانکردنی ئەو هۆیە پەرش و بڵاوانە ناشێ لە سیستەمێکدا بخرێتە ڕوو. بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکی تازە بۆ ئەم پرسیارە، سەرەتا پێویستە بە دوای میتۆدی جیاکردنەوەی نێوان فرەواتایی و هاودەنگ-هاونووسدا بگەڕێین، تا ئەوەشمان بۆ دەرکەوێ کە ئایا لەڕووی

زانستی و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەتوانین جیاوازیەك بکەین لە نێوان ئەم دوو دیاردەیەدا یا نا.

### ٣. چەند واتایی و هاودەنگ- هاونووس

((هاودەنگ-هاونووس)) یا ((لێکچوون)) یا ئەوەی کە بە پێی میتۆدی لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان ((ڕەگەزدۆزی تەواو))ی پێی دەگوترێت، بە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی بواری واتایی دەژمێردرێت کە بەپێی میتۆدی لێکۆڵینەوە واتاییەکان بەپێی ئەو پەیوەندیە تەنگەی کە بە دیاردەی ((فرەواتایی))یەوە هەیەتی لێی دەکۆڵرێتەوە.

کریستاڵ (ك١٤، ل٢٨)، لاینز (ك٧، ل٥٥١)، ئالن (ك١، ل١٤٧)، سەعید (ك٩، ل٦٣) و زمانەوانەکانی تر کە بایەخیان بەم دیاردە زمانیەداوە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دیاردەی هاودەنگ- هاونووس ئەو وشانە دەگرێتەوە کە فۆڕمێکی یەکسان و واتای جیاوازیان هەیە.

پاڵمەر بۆ دەستنیشانکردن و جیاوازی کردن لە نێوان فرە واتایی و هاودەنگ- هاونوسدا ناوی دوو میتۆدی دێرین دێنێت (ك٨، ل١١٩). یەکێك لەم دوو میتۆدە، لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆژی فۆرم یا فۆرمە هاودەنگ- هاونووسەکانە. لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوادا، ئەگەر دەرکەوێ کە ئەم فۆڕمانە لە ڕەگی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتبێ و بە تێپەربوونی کات فۆڕمی دەنگ و نووسینیان وەکو یەکی لێهاتووبێ، ئەوا کێشەی هاودەنگ- هاونووس دەخرێتەڕوو و دەبێ لەفەرهەنگەکاندا



دەروازەی جیاجیا بۆ ئەم ووشانە لەبەر چاو بگیرێت، بەڵام ئەگەر لە ڕووی ئیتیمۆلۆژیەوە دەرکەوێ کەئەم فۆڕمە لێکچووانە لەیەك ڕەگەوە گەردان کرابن، ئەوا کێشەی فرە واتایی دەخرێتەڕوو و لە فەرهەنگیشدا دەبێت تەنها یەك دەروازەیان بۆ لەبەرچاو بگرین.

پاڵمەر بەشێوەیەکی کارەکی ئەم میتۆدە ڕەتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی کە بەڕاستی لەو باوەڕەدایە، ئەو هەلومەرجەی کە زمان ئێستا هەیەتی هەمیشە رەنگدانەوەی ڕابردووی ئەو زمانە نیەو قسە پێ کەرانی زمانەکەش زانیاران لە بارەی ئەم مێژووەوە نیە. میتۆدی دووەم، لەبەرچاو گرتنی واتایەکی ناوەندیە. پاڵمەر پێی وایە کە ناشێ ئەم واتاناوەندییەش بۆ هەموو ووشە فرەواتاکان دەستنیشان بکرێ. لاینز (ك٧)یش ئاماژە بەنەبونی هەمان ڕێ تێچون دەکات، چونکە بۆ نموونە، واتای ناوەندی ووشەی (دل) دەبێ چی بێ کە لەزمانی فارسیدا هەم دەتوانێ هەم بە واتای (دڵ) و هەم (سك)یش بێت؟

لەم نێوانەدا میتۆدە پێشنیازکراوەکەی قەنبەری (ك١٤) پەسەندتر دەردەکەوێ. هەر بەم شێوەیەی کە پێشتریش باسی لێوە کرا، قەنبەری سود لەڕێتێچوونی هاوبەشی کردنی سیما جیاکەرەوە واتاکان وەردەگرێت، بۆ دەستنیشانکردنی وشە فرە واتاکان و لە باوەڕەدایە کە بۆ نموونە ووشەی ((روشن ) ووشەیەکی فرە واتایە، لەبەر ئەوەی کە بەپێ ی نمونەکانی (١٥) تا (١٨)دا.

١٥.چراغ روشن کن.

١٦.هوا روشن شد.

١٧.لباسی آبی روشن پوشیده.
١٨.مسئله برام روشن شد.

له هەموو واتا جیا جیاکانی ووشەی ((روشن))دا دەتوانین پەی به سیمای جیاکەرەوەی واتایی {+ڕوناکی} بەرین. بۆچوونەکەی قەنبەری کاتێك پەسەند دەکرێ کە بەبوونی سیماجیاکەرەوە واتاییەکان و بڕیارێکی بڕای بڕ لەبارەی ئەوانەوە ڕازی ببین و ئەوەش پەسەند بکەین کە بۆ نموونە واتای ئەمڕۆی ((توپ)) وەکو کەرەسەیەکی جەنگیش سیمای {+خڕ} هەڵگرێ.

بەر له ڕۆژگاری خستنه ڕووی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بلۆمفیلدیش ڕێگا چارەیەکی بۆ دەست نیشانکردنی جیاوازی نێوان فره واتایی و هاودەنگ- هاونووس بەدەست هێناوه ((ك٢، ل٤٣٦) کە واپێدەچێ کە لەبەرچاو نەگیرابێ. بە بڕوای ئەو، لەنێوان واتا جیاجیاکانی وشەیەکی فره واتادا، یەك واتای بەرامبەری هەیە و واتاکانی تر لەم واتایەوە وەرگیراون، له کاتێکدا کە له واتا هاودەنگ- هاونووسەکاندا واتای هیچ کام لەم وشانه له واتای وشەکەی تر وەرنەگیراوە. ئەو لەو ڕیگەیەوە بیرێك له هۆشی لێرد (ك١٥، ل١٢٣) دروست دەکات کە نزیکەی پەنجا ساڵ دواتر ئاماژە بە خاڵێك دەکات کە ئەویش لەبەرچاو نەگیراوە. به بۆچونی لیرد ((دەربرینه واتایی یەکانی ووشه چەند واتاکان دەشێ لەناو دقێکدا دەستنیشان بکرێت)). لەم نێوانەدا ئالنیش هەمان بۆچونی هەیە (ك١، ل١٤٧) کە لەبابەت وشه فره واتاکان ((پەیوەندی مێژوویی و ئیتیمۆلۆژی و گشتاندنه واتاییەکان به



تێپەربوونی کات به شێوەکی ناپەیوەست بۆ قسه پێ کەرانی زمان دەردەکەوێ و له نێو دەقێکدا دەشێ تەنها واتایەکی وشه فره واتاکه درکی پێ بکرێ )). بەلاّم ئەوەی سەرنج ڕاکێش بێ ئەوەیە که ئالن، هەرچەنده که وا دێته بەرچاو سەرچاوەی سەرەکی خستنه ڕووی ئەم دیاردەیەی بلۆمفیلد بێ، هەروەها بایەخی به خستنەرووی ((فره واتایی)) و جیاوازی لەگەڵ ((هاودەنگ- هاونووس))دا داوەو میتۆدەکانی جیاکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیه پەسەند دەکات.

### ٤. فره واتایی چییه؟

ئەوەی لەبارەی پێشینەی لێکۆڵینەوه له بواری فره واتایی خرایه ڕوو، ئەوه دەردەخات کەوا واتاناسان لەخستنەرووی فره واتایی فەرهەنگی وشەکاندا هەریەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەدەر له پەیوندی جێ نشینی و تەکنشینی کەرەسەکانی زمان بایەخیان بەم لایەنه داوه و له هەلومەرجێکی ئاوادا وایان هەست کردووه که بەشێکی ووشەکان تەنها یەك واتایان له خۆگرتووه و بەشێکی تریان چەند واتایەکیان هەیە، له کاتێکدا که به شێوەیەکی بڕای بڕ دەتوانین بانگەشەی ئەوه بکەین که له زمانی ئۆتۆماتیکی دا، ناتوانین هیچ ووشەیەك بدۆزینەوه که بەپێی تەکنشینی لەگەڵ ووشەکانی تردا گۆڕان له واتاکانی دا ڕوونەدات.

هەرچەنده که زمان زیاتر له پەیوەندی نێوان وێنەی جیهانی دەرەوه و ئاماژە بۆکراوەوه به سیستەمی زمانەوه پەیوەست بێ،

تا لە وێنەکان نزیکتر ببینەوە، وشەکان زیاتر ئارەزووی تاك واتایی دەکەن. زاراوە وردە زانستیەکان پاڵپشتی ئەم بانگەشەیە دەکەن. بەڵام ئەمە لەهەلومەرجێکدا دروستە کە ئێمە قسە لە بارەی ((زمانی زانست))ەوە بکەین و باسەکەمان بە زاراوەکانی ((فۆنیم))، ((مۆرفیم))، ((هێزی کێشکردن))، ((ثیرمۆداینەمیك))، ((بەردەوامی))، ((کلۆریدی سۆدیۆم)) و.... هتد تایبەت بکەین، لە کاتێکدا کە باسەکەی ئێمە لە بارەی ((زمانی ئۆتۆماتیکی))، واتە زمانی باو و ڕۆژانەیە. لە زمانی ئۆتۆماتیکیدا، کلۆریدی سۆدیۆم لەگەڵ خوێدا یەك شت نین، لەبەر ئەوەی کە لە زمانی زانستدا، ((کلۆریدی سۆدیۆم)) لەپاڵ((کلۆریدی مەگنسیۆم)) و.... هتد پۆلێن دەکرێ و لە زمانی ئۆتۆماتیکیدا لە پاڵ ((بیبەر))، ((ساس))، (خەرتەلە)) و.... هتد دەشێ پۆلێن بکرێ. لەزمانی ئۆتۆناتیکدا، پەیوندی نێوان ((ئاماژە پێ کەر)) و ((ئاماژە بۆ کراو)) واتا دروست دەکات و ئەم پەیوەندی یە، واتا ئەوەی کە سۆسیر ناوی ناوە هێمای زمانی، بەگوێرەی هەڵبژاردن و لێکدان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا.

ڕێگەمان بدەن بۆ تێگەیشتن لە باسەکەو خستنە ڕوویێك سادەتری بابەتەکە، بە واتا جیاجیاکانی چەند وشەیەکدا بچینەوە لە کاتی تەکنشینیاندا لەگەڵ وشەکانی تردا.

١٩.تمام راه را تاخانه دوید.
٢٠.تمام عمر را دوید به هیچ جا نرسید.
٢١.چشمش دنبال شیرینی می دوید.



٢٢.توی حرفم ندو.
٢٣.رنگ آبی توی رنگ سبز دوید.
٢٤.هوشنگ از نردبان افتاد.
٢٥.چشمم به هوشنگ افتاد.
٢٦.ترس به دلم افتاد.
٢٧.بەسرم افتاد درس بخوانم.
٢٨. عکسش توی آینه افتاد.
٢٩.از این درس افتاد.
٣٠.بند نافش افتاد.
٣١.پاش افتاد بریم شیراز.
٣٢.با این لباس کلی رویت افتاده.
٣٣.عید افتاده بەماه رمضان.

ئایا بەشێوەیەکی واقعی لە هیچ فەرهەنگێکدا دەتوانین بۆ دەروازەی ((دویدن)) واتای، ((هەوڵدان))، ((چاولە دوبون))، ((هەڵدانە ناو))، ((تێکەڵ بون))و.... هتد بدۆزینەوە؟ ئایا لە هیچ فەرهەنگێکدا دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە لە ژێر دەروازەی ((افتادن))دا واتای ((بینین))، ((بەدڵداهاتن))، ((هەڵگەرانەوە))، ((دەرنەچوون))، ((چۆك دادان))، ((هاتنە پێش))، ((پلە وەرگرتن))، ((هاوکات بون)) و دەیەها واتای تر ڕێك بخەین؟ ئایا لە واقعدا دەتوانین ئەو واتا جیاجیایانە بە واتای ((دویدن)) یا ((افتادن)) بزانین؟

به دڵنیاییەوە لە هەموو نموونەکانی (١٩) تا (٢٣) و (٢٤) تا (٣٣) دەستنیشانکردنی واتای ((دویدن)) یا ((افتادن)) بە دەوروبەر (کۆنتێکست)ی زمانی و ئەو کەرەسانەوە پەیوەستە کە کەوتوونەتە سەر تەوەرەی  تەکنشینی و لێکدانانیان. ڕێگەمان بدەن بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە بەسەر نموونەکانی(٣٤) تا (٣٦)دا تێ پەڕین، تا ئەوە دەربخەین کە مەبەست لە تێگەشتنی واتا لە ڕێگەی کەرەسە تەکنشینیەکان چیە.

٣٤.خالەم اینها قرار است امشب بیایند خانەءما.

٣٥.برو بشقابها را سرمیز بچین.

٣٦.برو ان کاست را خاموش کن.

بێ هیچ دوودڵیەك هەموو فارسی زمانێك ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە کە لە نموونەی(٣٤) دا، بەکارهێنانی((اینها)) بە واتای ((مێردی پور (خوشکی دایك) و مناڵەکانی پور (پورزاکان) دێت، لە کاتێکدا ئەگەر لە جیاتی ((خالە)) وشەی ((عمە))مان بەکاربهێنایە، ئەوا ((اینها)) بە واتای ((مێردی پور (خوشکی باوك) و مناڵەکانی)) دەهات، لە نموونەی (٣٥)یشدا ((بشقابی)) نەك تەنها بە واتای (قاپ)) بەڵکو ((ملاك))، ((چەنگاڵ))، (چەقۆ))، ((پەرداخ))، ((خوێدان)) و.. هتدیش دێت. ((کاست)یش لە نموونەی (٣٦)دا بە واتای (دەزگای تۆمارکردنی دەنگ)) بەکارهاتووە.

لادانی وشە تەکنشینەکانیش دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانی واتای وشە لانەدراوەکان. لەمبارەیەوە دەتوانین بە نیشاندانی



وشەلادراوەکان لە نێوان جووتە کەوانەی شکاوەدا، ئاماژە بە نموونەکانی (٣٧) تا (٤٥) بکەین.

٣٧.بە {خانە} هوشنگ زنگ زدم.

٣٨.برای مهمان {ظرفهای} نقرەها رادر بیاور.

٣٩.برو(دیس) پلو را بیاور.

٤٠.بیا{ظرف} سوپ  از دست نیفتد.

٤١.دکمەی {پیراهن}ات کندە شدە.

٤٢. برو {موی} سرت را کوتاە کن.

٤٣.چرخهای {اتومبیل}ت باد ندارە.

٤٤.{شیشە} عینکم تارشد.

٤٥.(کشیدن) سیگار برای سلامتی مظر است.

نموونەکانی (٣٧) تا (٤٥) دەتوانن ببنە نیشانەی ئەو هەلومەرجەی کە واتای وشەکان بە گوێرەی تەکنشینی لەگەڵ ووشەکانی تردا دەگۆڕێت. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، بەدڵنیاییەوە ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە لە هیچ فەرهەنگێك  بکەین کە ((دیس پلو)) بەیەکێك لە واتاکانی ((پلو)) و ((کشیدن سیگار)) بەیەکێك لە واتاکانی ((سیگار)) دانرابێ، لەکاتێکدا کە بۆ وێنە لە نموونەیەکی وەکو (٤٢)شدا، ((سر)) بە واتای ((پرچ)) بەکارهاتووە و ((سوپ))یش لە نموونەی (٤٠)دا بە واتای ((کاسەی سوپ)) هاتووە. ئەم خاڵە بۆ وشەیەکی وەکو ((روشن))یش کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوە کۆنەکان بە فرە واتا دەژمێردرێت، هەر ڕاستە.

٤٦.هوا روشن شد .

٤٧.چراغ روشن کن.

٤٨.اجاق را روشن کن.

٤٩.لباس آبی روشن پوشیده بود.

٥٠.چشمم روشن .

٥١.مسئله برایم روشن شد.

٥٢.من که دلم روشن است.

لە نموونەکانی (٤٦) تا(٥٢)دا ئێمە پەیوەندیمان بە وشەیەکەوە هەیە کە بە گوێرەی وشە تەکنشینەکانی واتاکەی دەگۆڕێ. لە نمونەی(٤٧)دا ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە ((روشن)) بەپیێ جۆری ((چراکە)) واتای جیاجیا لە خۆدەگرێ. بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە هەریەکە لەم واتایانە، پەیوەستە بە تێگەیشتن لە کەرەسە تەکنشینەکانی لە کاتی لێکدانیاندا.

ڕێگەمان بدەن ئەم جۆرە فرە واتاییانە ناوبینێن ((فرە واتایی پێکهاتەیی)) تا وەکو لەکاتی باسکردنی جۆرێکی تری فرە واتاییدا، واتە ((فرەواتایی هەڵبژاردن)) بتوانین جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین.

جۆرێکی تر لەوەی کە بە زاراوەی ((فرەواتایی)) ناودەنرێ، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشەیەك لەجیاتی ووشەیەکی تر بە پێی جۆرێك لێکچون دێتە کایەوە. ((نرگس)) لە جیاتی ((چشم)) هەڵدەبژێردرێ و بەپیێ ئەم هەڵبژاردنە، بە شێوەیەکی خواستن، واتای ووشەی ((چشم))یش لە خۆدەگرێ. ئەم دەستەیەی فرەواتایی ئارەزووی بە لای بەکارهێنانە ئەدەبییەکەوەیە و لە



پانتایی بەکارهێنای زمانی ئۆتۆماتیکی دووردەکەوێتەوەو بە گوێرەی زانیاری قسەکەر بۆ جیهانی دەرەوە دێتە بەرهەم. دەستنیشانکردنی چوارچێوەی واتایی ووشەیەك لە هەلومەرجێکی ئاوادا پەسەند ناکرێ، لە بەرئەوەی یاری هێماکان چوارچێوە و سنوری بۆ نیە. بۆ باشتر تێگەیشتن لەم بابەتە دەتوانین سوود فۆڕمی ((نوشیدن)) و بەکارهێنانی لە نمونەکانی (٥٣) تا(٥٨) وەربگرین.

٥٣.لحضه ای تصویرش را نوشیدم.

٥٤.شهد لبش را نوشیدم.

٥٥.شهد چشمانش را نوشیدم.

٥٦.چەسالهای خوشی را از پی هم نوشیدم.

٥٧.اشك کلکش را نوشیدم.

٥٨.شراب ناب وجوش را نوشیدم.

لە نموونەکانی(٥٣) تا (٥٨)دا ((نوشیدن)) دەتوانێت بە واتای ((بینین))، ((ماچ کردن))، ((چاوتێبڕین)) ((بەسەربردن))، ((خوێندن)) و ((درکپێکردن)) یا...هتد بەکارهاتبێ. لەم حاڵەتانەشدا، واتە کاتێك کە فرەواتایی بەپێی هەڵبژاردن دەردەکەوێ تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی واتا پەیوەست دەبێ بە تێگەیشتنی کەرەسە تەکنشینەکان لە کاتی لێکدانیاندا، چونکە دەشێ هەڵبژاردنەکانی قسەکەر لەسەر تەوەرەی جێ نشینی بخاتە بەردەستی گوێگر لەسەر تەوەرەی تەکنشینێکدا و گوێگر بۆ تێگەیشتن لە قسەکانی ئەو، لەقۆناغی یەکەمدا، ڕوو بە ڕوو بێتەوە لەگەڵ لێکدانی کەرەسەکان لەسەر ڕووی تەوەرەی تەکنشینیدا.

بەم پێیە، تێگەیشتن لەوەی کە لە میتۆدی لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا بە ((فرەواتایی)) ناودەنرێ، جا چ چەند واتایی هەڵبژاردن بێت چ پێکهاتەیی، هەمیشە لە ڕێگەی تەوەرەی تەکنشینی دەخرێتە ڕوو.

**٥. فراوان بوون و تەسك بوونەوەی واتایی**

بە پێی ئەوەی کە تا ئێستا گووتراوە، ئەگەر ئەو گریمانەیە شیاوی پەسەندکردن بێ کە ووشەکانی زمان بەپێی تەکنشینیان لەگەڵ یەکتر، دەکەونە ژێر کاریگەری واتایش و دەبنە هۆی گۆڕانی واتا، دەبێ لە ڕووی تیۆریەوە ئەوە پەسەند بکەین کە گۆڕانێکی لەم جۆرە، بەفراوان بوون و تەسك بوونەوەی واتایی کۆتایی دێت. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەگەر بڕیار بێت، بەشێك لەواتای کەرەسەیێکی زمانی بگوازرێتەوە بۆ واتای کەرەسەیەکی زمانی تر، ئەوا یەکێك لەم دوو کەرەسەیە فراوان بوونی واتایی لەخۆدەگرێ و ئەوی تریان، بە هۆی بوونی جۆرە شێوازێکەوە، ڕووبەڕووی تەسك بونەوەی واتایی دەبێتەوە.

فراوان بوونی واتایی لە ووشەیەکدا دەتوانێ بگاتە ئەو ڕادەیەی کە تەواوی ووشە تەکنشینەکانی لە خۆ بگرێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، تەسك بوونەوەی واتایی ووشە تەکنشینەکە بەجۆرێك، کە دەشێ ببێتە هۆی لادانی. بە دەربرینێکی سادەتر ،کاتێك واتای وشەیەك دەگوازرێتەوە بۆ واتای وشە تەکنشینەکەی ،ئامادەبوونی ئەم وشەیە لەسەر تەوەرەی تەکنشینی بە (حشو) دەژمێردرێت.



ڕێگەمان پێ بدەن لەم بارەیەوە دووبارە سوود لە نموونەکانی (٣٧) تا (٤٥) وەربگرینەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم بابەتە. لە نموونەیێکی وەکو(٤٥)دا، تەکنشینی وشەی ((سلامتی)) و (مظر) لە پاڵ (سیگار))دا، ئەگەری گواستنەوەی تەواوی واتای ((کشیدن)) بۆ ((سیگار)) ئاسان دەکات. هەر بۆیە ((سیگار)) لە ڕووی واتاوە فراوان بووەو واتای ((کشیدن))یشی لە خۆ گرتووە، لە بارێکدا کە فراوانبوونێکی لەم جۆرە لە ڕستەکانی (٥٩) تا (٦١) بەم جۆرە بەرچاو نیە.

٥٩.برو یك سیگار برایم بخر.

٦٠.سیگار ارزان شده.

٦١.به سیگار خارجی مالیات بسته‌اند.

لە هیچ کام لە نموونەکانی (٥٩) تا(٦١)دا وشە تەکنشینەکان ناتوانن ببنە هۆی ئەوەی کە لە وشەی (سیگار)) دا واتای ((کشیدن سیگار)) بەدەست بێنین.

دەبێ ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە ئەگەر لادان بەبێ تەسك بوونەوەی واتایی ڕوویدات، واتە ووشەیەك لەسەر تەوەرەی تەکنشینی لابدرێ، بەبێ ئەوەی کە واتاکەی بۆ وشەکەی تر بگوازرێتەوە، ئەوا دەتوانێت پرۆسەی پەیوەندی کردنەکە بشێوێنی، واتە یا ڕستەیەك دروست دەبێت کە تێگەیشتنی مەحاڵە و یا لەڕووی واتاوە لێڵە، لەم بارەیەوە دەتوانین سوود لە نموونەکانی (٦٢) و (٦٣) وەربگرین.

٦٢.سیگار برایش گران تمام می شود.

٦٣.مهمانی کلافەاش کرد.

له نموونەی (٦٢)دا، ووشه تەکنشینەکان ،ئەگەری گواستنەوەی تەواوی واتایی ((کشیدن)) یا ((خریدن))بۆ ((سیگار)) دەستەبەر ناکەن، هەربۆیەش، رستەی (٦٢) تووشی لێڵ واتایی هاتووە. نموونەی (٦٣)ش لە هەمان هەلومەرجدایە و واتای ((دادن)) یا ((رفتن)) نەخراوەتە سەر واتای ((مهمانی)).

بەپێی ئەوەی کە گوترا، لەوانەیە بتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەوەی لە کۆندا بە ((فرەواتایی)) ناونراوە لە بنچینەدا بە شێوەی گواستنەوەی واتایی ووشەی تەکنشین بۆ وشەکەیتر یەکی تر لەسەر تەوەرەی تەکنشینی و لادانی ووشەیێك خۆی بنوێنێ کە ڕووبەڕووی تەسك بونەوەی واتایی ڕەها بۆتەوە، هەربۆیە واتاناسان هەمیشە ئاماژەیان بە جۆری پەیوەندیواتایی نێوان واتا جیاجیاکانی وشەیەکی چەند فرە کردووە، لە بنچینەدا ئەم ناوەڕۆکە واتاییە هاوبەشە، هەمان ئەو واتایەیە کە لە گواستنەوەی واتایی وشە تەکنشینەکە، بۆ ئەو وشەیەی کە لە رووی واتاوە فراوان بووە خراوەتە ڕوو و بە فۆرمی نەرێ دانراوە لە بەرامبەر واتای ((رفتن))، ((ایستادن)) ((نشستن)) و...هتد.

**٦. واتای سەرەتایی**

لە بەشەکانی رابردوودا هەولی ئەوەماندا بە یارمەتی چەند نموونەیەك ئەوە دەربخەین کە خستنەڕووی کێشەی ((فرەواتایی)) لە ڕووی میتۆدۆلۆجیەوە بوونی نیە، چونکە لە سیستەمی



فەرهەنگی (ڤۆکابوولەری)) زماندا، بە بەرامبەری نێوان کەرەسەکان کۆتایی پێ نایێت و چونکە تایبەتمەندی هەموو یەکە پێکهێنەرەکانی ئاستی فەرهەنگی زمانە، لە پاڵ باسی ((هاودەنگ- هاونووسی))دا ناشێ بخرێتە ڕوو، لە بەرامبەر ((هاودەنگ- هاونوسی))دا تایبەتمەندییێکە لەم سیستەمەدا ڕۆل دەبینێ و هەربۆیەشە کە کەرەسە سەربەخۆکان دەکەونە نێو فەرهەنگی ((ڤۆکابولەری))ی زمانەوە و لە فەرهەنگیشدا دەروازەی جیاجیایان دەبێ. ئەگەر بەپێ ئەم دەرەنجامە، ((فرە واتایی)) بە ئەنجامی گواستنەوەی واتای وشە تەکنشینەکان بۆیە یەکتر بزانین، دەبێ بایەخ بەم خاڵەش بدەین کە ئەم گواستنەوەیەی واتا تا ئەو ڕادەیە بەرەو پێشەوە دەچێ کە بە ((هاوواتایی)) فەرهەنگی کۆتایی پێ بێ، واتە ئەو حاڵەتەی کە وشەیەك بتوانێت لە زمانی ئۆتۆماتیکی دا شوێنی ووشەیەکی تر بگرێتەوە، بەبێ ئەوەی کە قسەکەرانی زمان هەست بە بوونی جیاوازی واتایی نێوان رشتەکانی پێش و پاش وشە جێگرەوەکە بکەن. قسەکردن لە بارەی ئەم هاوواتاییە ڕێژەییانە لە توانای ئەم کورتە وتارە بەدەرە، بەڵام خستنەڕووی هەمان خاڵ دەتوانێت لایەنگری جۆرە سیستمێکی واتایی بێت کە هێما زمانییەکان و هەڵسوکەوتەکانیان کەرەسەکانی پێك دەهێنێ.

ئێستا دەبێ بەپێی ئەوەی کە تاکو ئێستا گوتراوە، بچینە سەر خستنەڕووی ئەم کێشەشەیەی کە واتای سەرەتایی یائەوەی کە (واتای بەرامبەری دەروازەیەکی فەرهەنگی) پێ دەگوتری لە

فەرهەنگی زماندا چییە. بە دەربڕینێکی سادەتر واتای سەرەتایی وشەیەکی وەکو ((دویدن)) دەبێ چی بێ کە لە ڕستەیەکی وەکو ((باید خیلی پولدار شوی)) بۆ واتای ((هەوڵدان)) گۆڕاوە؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین لەهەردوو روانگەی وەسفی مێژووییەوە لە کێشەکە بروانین. بۆچوونی مێژوویی ئەوەیە کە بەدوای دروستکەری گۆکردنەکە بگەڕێین و زاراوەی ((واتای سەرەتایی)) بەشتێکی وەکو (سەرچاوەی واتای) وشەکە بزانین.

ئەم میتۆدە نامان گەییەنێتە هیچ چونکە ئەوەی کە تا ئێستا لەم کورتە وتارەدا هاتووە، واتە کێشی گۆڕانی واتایی بەپێی هەڵبژاردن و لێکدان، بە درێژایی رۆژگاریش هەر راست بووە و ئێمە هەمیشە پەیوەندیمان بە واتاییێکەوە هەبووە کە لە ژێر کاریگەری واتا تەکنشینەکانی خۆیدا دانراوە. لە لایەکی ترەوە، فۆڕمی ووشەکانیش بە درێژایی رۆژگار لە گۆراندان و هەر ئەو گۆڕانانەش مانەوەی چییێتی ((ماهیەت))ی سەرەتایی ووشەکە بە نەگۆڕاوی رەت دەکەنەوە. میتۆدی دووەم ئەوەیە کە ئەو واتایەی کە لای خەڵك هەیە بە پێوەری کارە بزانین .لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا، دەتوانین نیشاننەکراوترین واتای ووشەیەکی بە ((واتای سەرەتای)) ئەم ووشەیە بژمێرین، لەبەرئەوەی کە فراوان بوونی واتا لە هەر ووشەیەکدا، دەبێتە هۆی نیشانکردنی هەمان ووشە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بابەتە سەیری نموونەکانی (٦٤) تا(٧٤) بکەن.

٦٤.هوشنگ رفت.

٦٥.هوشنگ دلش رفت.



٦٦.هوشنگ از هوش رفت.

٦٧.هوشنگ از دنیا رفت.

٦٨.هوشنگ به خواب رفت.

٦٩.هوشنگ با این اعتیادش از دست رفت.

٧٠.رنگ به خورد چوپ رفت.

٧١.دلم غش رفت.

٧٢.حوسلەم سر رفت.

٧٣.فنرش در رفت.

٧٤.بالاخره این پیچ جا رفت.

لە هەموو نموونەکانی (٦٥) تا (٧٤)دا، واتای کەرەسە تەکنشینەکانی ((رفت)) کاریان کردۆتە سەر واتای ئەم فۆڕمە زمانیانە و بوونەتە هۆی گۆڕانی واتای ((رفت)) ، هەندێ جار ئەم کارگەریە دەگاتە ئەو رادەیەی کە بە لێکدانیان کۆتایی دێت، نموونەکانی (٧٢) و (٧٣) لەم بارەیەوە لە نموونەکانی تر زیاتر لایەنگیری ئەم بانگەشەیە دەکەن. بەڵام لانیکەم بە بڕوای نووسەری ئەم وتارە، وا دەردەکەوێ کە نموونەی (٦٤) ئەوە دەربخات کە نیشانەکراوترینی بەکارهێنای واتایی فۆڕمی ((رفت)) بێت. لەم بارودۆخە دا وادێتە بەرچاو کە بتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە دەشێ کورت ترین رشتەی کەرەسە تەکنشینەکان بە ((واتای سەرەتایی)) یا نیشانەنەکراوترین واتای ((رفت)) دابنێین. ((رفت)) لە ڕووی واتای‌یەوە بە بەرامبەری ئاراستەیی ((آمد)) دادەنرێ؛ بەڵام لێرە دا کام واتای ((امد))مان مەبەستە؟ بۆ وەڵام

دانەوەی ئەم پرسیارە دەتوانین نمونەکانی (٧٥) تا (٨١) لەبەرچاوبگرین.

٧٥.هوشنگ آمد.

٧٦.خوشش آمد.

٧٧.چشمش آمد.

٧٨.حالش جا آمد.

٧٩.زبانش بند آمد.

٨٠.باران آمد.

٨١.اب جوش آمد.

لەم بارودۆخەدا دەتوانین ئەوە دەبخەین کە نیشانە نەکراوترین بەکارهێنانی ((آمد)) هەر ئەوەیە کە لە نموونەکانی (٧٥) داهاتووە هەمان واتا نیشانە نەکراوەکەی ((آمد)) لە بەرامبەر نیشانەنەکراوترین واتای ((رفت)) دەوەستێ. کێشەکە ڕوونە بەلاّم ئاسانیش نیە. بۆ نموونە لەبارەی ((روشن)) دەتوانین چی بڵێن؟

٨٢.هوا روشن است.

٨٣.چراغ روشن است.

٨٤.مسئله روشن است.

٨٥.پیراهنش آبی روشن است.

بە دڵنیایەوە ((روشن)) لە نموونەکانی (٨٤) و (٨٥)دا بە واتا نیشانە نەکراوەکەی خۆی بەکارهاتووە، بۆیە تێگەیشتن لە واتای ((روشن)) لە نموونەی ((٨٤))دا، واتە ئەو واتایەی کە لە بەرامبەر ((مبهم)) دەوەستێ، پەیوەستە بە ئامادەبوونی ووشەی



((مسئله)) و لە نموونەی(٨٥)یش بۆ تێگەیشتن لەو واتایەی کە بەرامبەرە لەگەڵ ((تیرە))دا، پێویستیمان بە چەند کەرەسەیێك هەیە کەرەنگ بنوێنن. بەلاّم لە بابەت نموونەکانی (٨٢) و(٨٣)دا کێشەکە بەو سادەییە نییە. کام لەم دوو واتایە نیشانە نەکراوترە؟ ئەوەی کە بەرامبەرە لەگەڵ ((تاریکی))، یا ئەوەی کە مەرامبەرە لەگەڵ ((خاموش))؟ لەم بارودۆخەدا، ئەگەر لە جیاتی نموونەی (٨٣) سوود لە نموونەکانی وەکو ((٨٦) وەربگرین، کێشەکە ڕوون دەبێتەوە.

**٨٦. چراغ را روشن کن.**

ئەم جۆرە بەکارهێنانەی ((روشن)) بۆ نموونەی (٨٥) نابێ، بەم پێیە لەوانەیە بتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە نیشانە نەکراوترین واتای ((روشن)) هەمان ئەو واتایەیە کە لە نموونەی (٨٢)دا بەکارهاتووە.

### ٧. ئەنجام

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە کە بە یارمەتی ئیستیدلالێك کە بەندە بە چەند نموونەیەك، ئەوە بسەلمێنین کە دیاردەی ((فرە واتایی)) لە زمانی ئۆتۆماتیکدا، تایبەت نییە بە چەند ووشەیەکی دیاریکراو، بەڵکو بارودۆخێکە بەگوێرەی هەڵبژاردن و لێکدان، هەموو کەرەسەکانی سیستەمی فەرهەنگ (ڤۆکابوولەری)ی زمان لەخۆ دەگرێ، لە کاتێکدا کە ((هاودەنگ-هاونووسی)) بە دیاردەیەکی تایبەت دەژمێردرێ و خستنە ڕووی

لەپاڵ ((فرە واتایی))، لە ڕووی میتۆدۆلۆجی‌یەوە پەسەند ناکرێ. لەلایەکی ترەوە، وا دەردەکەوێ کە بتوانین ((فرە واتای)) بە پێی ئەوەی کە لەم کورتە وتارەدا فراوان بوون یا تەسك بوونەوەی واتایی ناونراوە، ڕوون بکرێتەوە. ئەمە لە بارودۆخێکدایە کە کەرەسەکانی سیستەمێك، لە قالبی ((چوار چێوە))ی هەمان سیستەم و لە بەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندیە دووسەرەی کە لە نێوان ئەم کەرەسانەدا هەیە بایەخیان پێ بدرێ، چونکە دەردەکەوێ کە تەنها لە بارودۆخێکی ئاوادا بتوانین قسە لەبارەی لێکۆلینەوەی ((سیستەمی زمان))ەوە بکەین.



## سەرچاوەکان


1. Allan; k linguistic Meaning. Routlege & kegan paul, 1986.

2. Bloomfeild; L. Langage. Holt, Allen and Unwin, 1935.

3. cruse; D. A. Lexical semantic.camb. Univ. press, 1986.

4. Hoford; JR. & Heasly; B. semantic: A coursebook. camb. Univ.press, 1983.

5. Laird; j. Mental Models of Meaning. joshi, webber & sag. 1981.

6.Leech; G. semantics: the study of Meaning. penguin Books, 1981.

7. Lyons. J. semantics. camb .Univ. press, 1977.

8.palmer; R. F. semantics A New Outlin. camb. Univ. press, 1976.

9. Saeed; J. I. semantics. Blackwell, 1997.

10. Ullmann; S. semantics; an introduction to the study of meaning Blackwell, 1962.